**سەرجەم نووسراوەکانی سەبارەت بە کۆچی دوایی مامۆستا ح. س. سۆران**

2009/09/15

## کۆچی دوایی مامۆستا حەسەن سەلاح (سۆران)

بە داخ و کەسەری زۆرەوە هەواڵی کۆچی ناوادەی نووسەر، شاعیر و وەرگێڕی بەناوبانگ کاک حەسەن سەلاح (سۆران) یەک لە نووسەرانی سەرەکی ماڵپەڕی "رۆژهەڵات / بۆکان" مان لە شاری کەرەجی ئێران پێ گەیشت.

مامۆستا سۆران لە زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر و زانکۆکانی ئێران وانەی کوردی دەگوتەوە و لە زۆر چاپەمەنی و ماڵپەڕی کوردیدا وتاری سەبارەت بە مێژوو و ئەدەب و سیاسەتی کوردستان دەنووسی. مامۆستا هەموو وتارەکانی بەناوی "کوردستانی گەورە"وە دەست پێ دەکرد و لەڕاستیشدا کەسایەتییەکی کوردستانی بوو، کە مۆرکی هیچ بەشێکی وڵاتە پارچە پارچەکراوەکەمان بەسەر نووسینەکانییەوە نەدەبینرا و دڵی هاوکات لە سنە و سلێمانی و دیاربکر و قامیشلی لێی دەدا.

ئێمە نووسەران و هاوکارانی ماڵپەڕی رۆژهەڵات - بۆکان لەم کاتەدا بە دڵی پڕ لە ناسۆرەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی سەلاح و قوتابیانی مامۆستای نەمر و هەموو گەلی کوردستان دەکەین و جێگەی بەتاڵی ئەو لە ماڵپەڕەکەماندا بە گوڵ دەرازێنینەوە.

هەر زیندووبێت یادی مامۆستای نەمر حەسەن سەلاح(سۆران)

| | |
|---|---|
| حەسەن ئەیوب زادە | ئەنوەر سوڵتانی |
| ئیبراهیم فەرشی | حەسەن دەرزی |
| د. کامران ئەمین ئاوە | رەحیم بەهرام زادە |
| ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | نادر فەتحی |

**قامیشی زەرد**
بۆ ئەو خۆشەویستانەی لە مردن بەهێزترن
سولەیمان فەرشی

شیتاڵێکم لە ئاسمانی،
شارەکەم کردەوە و
لە گەردنم هاڵاند و
بۆ هەمیشە
لێی تۆرام.

بۆ ئاخرین جار،
بە ئاوی متفەرکی
حەوزە گەورە
توونیەتیم شکاند.

هەوداێکم بە کەلێنی،
هەموو بیرەوەرییەکانمدا
تێپەڕاندو
کردمە ملوانکەی سەر دڵم.

چاوم خشاندە،
بەژنی ئەو شارە و
لە نێو گلێنەی چاومدا
وێنەکەیم شاردەوە.

جەغزم کێشا،
لەو شوێنانەی
سێبەری من
عەرزی وڵاتەکەمی
دەلێستەوە.

لە نێو قامیشەڵانێکی زەرد
تروسکەی ئەستێرەی
گەلاوێژم
دەدی،دەدی.

بە هیوا بووم
منداڵەکانی شارەکەم
لە گەمەی داهاتوودا
قانم دەنێ و
بمژێنەوە.

ئەو شیتاڵە!
دەمێک دەبووە

شەدەی سەرم
جارێک شاڵی گەردنم و
جارێکیش
خێوەتێک پڕ لە ئەستێرە،
لە ژێر سێبەری
خانوبەرەی سەد و یەک نهۆم و
بۆنی تەفتی
داری ئاسن و پلاستیک.

ئیتر نە بە ڕەنگی توێکڵە پیواز
هێلکەم رەنگ دەکرد و
نە جیرانەکەم
دەیزانێ نەورۆز یانی چی!؟

هەموو شتێکیان دابەش کردم
بەڵام دڵم دابەش نەبووە
بۆتە لەشم.

هیواکانم کەوتوونە
بەحەری رەنگەکان
جارێک سوور و
دەمێک سپی و
جاریک سەوز بوون.

گۆوەندی ئاڵایەکی
سەربەست بوون،
جارێک دەبوونە ماسی و
لە نێو هەزار و یەک رەنگی ئاڵۆزدا
مەست بوون.

سوور و سپی و سەوزم
بە خۆر سپارد
هەتاکوو خۆر مابێ
لە شنەدا بێ و هەر ئاڵا بێ.

سوێندم دەخوارد
بە پاروە نانێکی
ژن و پیاویکی برسی
وڵاتەکەم.

وشەکانم دەستەمۆ بوون،
فێرم کردوون
ببن بە شیعر و پەخشان
بۆ قامیشەڵانی زەرد،

ببن بە ئەستێرە
بۆ ئاسمانی وڵاتی خۆم.

فێرم کردون
لە دەستپێکدا
بە
کوردستانی گەورە
سوێند بخۆن.

18.09.2009

* قامیشی زەرد، ئیشارەیە بە ساروقامیش، ئەستێرەی گەلاوێژ، ئیشارەیە بە عەلی گەلاوێژ برای کاک سەلاح،

## شین بۆ مامۆستا ح. س. سۆران          کەمال کارگەر

فەلەک دیسان هەڵی پاچی لەگوڵزاری گەلی کوردان

گوڵێکی سووری بۆن خۆشی تەڕ و تازە ی بەهاری جوان

هەور گریا زەوی گۆنای لە تاسەی کۆچی تۆ تەڕبوو

چیاکان پرسەیان گێڕا لە ناڵە شکینەکەی بۆکان

هەواڵی کۆچی ناوەختت چ سووتمانێکی بەرپا کرد

دڵی هەرچی ئەویندار و ئەدیب و شاعیرە سووتان

لە چاوان خوێن دەبارێنن لەبۆ هیجرانی تۆ ئەی گوڵ

چیاودەشت و زەوی و سەحرا و تەلان و بەردی کوردستان

تەڕایی ئەشکی چاوانم لە کۆچی موقبیل هەر مابوو

کە سۆزی گەرمی شمشاڵ و دڵی کاقادریش کوژران

شەو و رۆژ و دەم و ساعەت لەبیری دەردی گەل دابووی

ئەوا کوردیش پەرۆشی تۆن خەریکی شیوەن و گریان

لە یاد و بیری گەل دایە ئەوەی سووتابێ بو میللەت

کە وابێ نامرێ هەرگیز لە یاد و بیری گەل " سوران "

www.kamalkargar.blogfa.com

**سەرۆکی کوردستان سەرەخۆشی لە خانەوادەی مامۆستا حەسەن سەڵاح سۆران دەکات**

17 أيلول, 2009



KTV ...

سەرۆکی کوردستان بروسکەیەکی سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو مامۆستا حەسەن سەڵاح سۆران دەکات کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی :

بە ناوی خوای گەورە و مێرەبان
خانەوادەی بەرێزی خوالێخۆشبوو مامۆستا حەسەن سەڵاح سۆران
سڵاوی خواتان لێ بێت .

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و شاعیر و وەرگێری ناسراوی کورد مامۆستا حەسەن سەڵاح سۆران مان پێگەیشت ؛ بەم بۆنە دڵتەزێنەوە پرسە و سەرەخۆشی لە خۆتان و گشت خزمانتان و سەرجەم نووسەر و ئەدیبانی کوردستان دەکەم ؛ کە بە کۆچکردنی زیانێکی گەورە لە بواری ئەدەب و رۆشنبیری کەوت. لە خوای گەورە داواکارم گیانی خوا لێخۆشبوو بە بەهەشت شاد بکات و ئەمە دوا کۆستی خانەوادەکەتان بێت .

انا لله و انا اليه راجعون
مەسعوود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان .

# کۆماری ئیسلامی ئێران پێشی بە ناشتنی مامۆستا سۆران لە زێدەکەی گرت

بۆکان: ئەمڕۆ هەینی 2009/9/18 تەرمی مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران، بە بەشداریی هەزاران کەس لە خەڵکی شاری بۆکان و کوردستانیان لە گۆڕستانی هونەرمەندانی شاری بۆکاندا ئەسپەردەی دایکی نیشتمان کرا. بە گوێرەی دوا زانیارییەکان کە بە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان گەیشتووە، لە کاتی بەڕێکرانی تەرمی پیرۆزی مامۆستا سۆران بەرەو ئاوایی ساروقامیش لە فەیزوڵڵابەگیی بۆکان، هێزە سەربازیی و ئیتلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەروو هەموویانەوە فەرمانداری پاستار حەسەنی عەباسی سەرەڕای پێداگری بەشداربووان، بە بیانووی پاراستنی ڕەوشی ناوچەکە ڕێگەیان نەدا کە تەرمی شاعیر و نوسەری ناوداری کورد لە شوێنی لەدایکبوونی بنێژرێت و پاش گەڕاندنەوەی تەرمی مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران بۆ شاری بۆکان، لە پەنای گڵکۆی چەندین کەسایەتی ناوداری ئەدەب و هونەری گەلەکەمان بە خاک سپێردرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا پاش گەڕاندنی تەرمی هۆنەر و توێژەر مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران لە لایەن هەزاران کوردستانییەوە، بە زۆربەی شەقامەکانی بۆکاندا، لە گۆڕستانی تایبەت بە کەسایەتیی و نیشتمان پەروەر و هونەرمەندانی گەلەکەمان بە خاک سپێردرا ، هەروەها هەواڵنێرمان رادەگەیەنێت کە بە هەزاران کەس بە مەبەستی سەرەخۆشیی ڕوو لە شاری بۆکان دەکەن و ئەمڕۆ لە مزگەوتی ڕەسوڵی شاری بۆکان چەندین کەسایەتی و نوسەر وەک مامۆستا ئاسۆ، ئیرەج ناهید، ئەحمەد تەها، فاروق کەیخوسرەوی و چەندین کەسی دیکە لە سەر ژیان و کەسایەتیی ئەدەبیی و نیشتمان پەروەریی مامۆستا سۆران دوان و وا بڕیارە سبەینێ شەممەش چەندین مەراسیمی هاوشێوە هەر لە شاری بۆکان بەڕیوە بچێت.

# تەرمی حەسەن سەلاح سۆران لە بۆکان بە خاک سپێردرا




PNA- مەنووچێهر جیهانی/ بۆکان ـ تەرمی شاعیری و نووسەری کورد حەسەن سەلاح "سۆران"، بە پێی بڕیاری بنەماڵەکەی لە گۆرستانی شاری بۆکان بە خاك سپێردرا.

بە پێی راپۆڕتی تایبەتی بەشی هونەری ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر لە شاری بۆکان، سەر لە بەیانی دوێنێ هەینی (9:20) تەرمی شاعیری بەئەزموون و لێکۆڵەر و نووسەری ناسراوی کورد حەسەن سەلاح ناسراو بە "سۆران" بە ئامادەبوونی کۆمەڵێك کەسایەتی پایەبەرزی کورد، مامۆستایانی ئایینی، ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵك و دانیشتووانی شاری بۆکان و ناوچە و جەماوەری ئەدەب دۆستی کوردستان، لە کاتژمێر 10ی بەیانی سەرەتا لە مزگەوتی "ئەلرەسووڵ" و دواتر لە شەقامەکانی شاری بۆکان بەرەو گۆڕستانی گشتی شاری بۆکان بەڕێکرا و بە پێی بڕیاری بنەماڵەکەی لە تەنیشت گۆڕی شاعیرانی ناوداری کورد عەباس حەقیقی و عومەر سوڵتانی "وەفا"، لە کاتژمێر 11ی بەیانی لە گۆرستانی گشتی شارستانی بۆکان بە خاك سپێردرا.

ئەو کەسایەتیانەی کە لە رێوڕەسمی بەڕێکردن و بەخاك سپاردنی "سۆران" ئامادەبوون، بریتی بوون لە: ئیرەج ناهید- شاعیر، نووسەر و لێکۆڵەر، محەمەد سەعید نەجاری ـ "ئاسۆ" شاعیر، نووسەر، وەرگێڕو مامۆستای زانکۆ، مستەفا شێرزاد "شێوەکار"، محەمەد ناهید موزیکزان، شێوەکار، موزیکژەن، نووسەر، لێکۆڵەرو ئەکتەری سینەما، مستەفا ئیلخانی زادە شاعیر، نووسەر، لێکۆڵەرو مامۆستای وانەکانی زمانی کوردی، محەمەد ئەمین قورەیشی- کاریکاتێریست و نووسەر، یاسین قورەیشی- کاریکاتێریست، شاعیرو نووسەر، ئەحمەد تەها- نوێنەری خەڵکی شاری بۆکان و ناوچە لە خولەکانی سێیەم و چوارەمی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ئێران، دکتۆر محەمەد قەسیم عوسمانی نوێنەری خەڵکی شاری بۆکان و ناوچە لە خولی هەشتەمی ئەنجومەنی شۆڕای ئیسلامی ئێران، ئەندازیار جەماڵەدین تەها بەرپرسی گشتی کۆری کوردانی دانیشتووی تاران، فەتاح ئەمیری نووسەر و رۆماننوس، دکتۆر عەلی شەمس بورهان ئەندامی کۆری کوردانی دانیشتووی تاران، دکتۆر سەید عەزیز بەرزنجی کوری مامۆستا خاڵەمین شاعیر، فارووق کەیخوسرەوەی نووسەر و لێکۆڵەر، ئەمین گەردیگلانی شاعیر، وەرگێڕ و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری مەهاباد، عەلی رەشیدی وێنەگری فۆتۆگرافەر، دکتۆر عەبدوڵڵا ئەبریشەمی، دکتۆر عەبدولعەزیز مەولوودی، دکتۆر سەلاحەدین خەدیو، عوسمان موزەیەن پارێزەر، مافناس و مامۆستای زانکۆ، مستەفا قازی شاعیر و نووسەر، ك.د ئازاد شاعیر و دەروونناس، فەرزاد حوسێنی چیرۆکنووس و شاعیر، محەمەد سدیق کەریم پوور چیرۆکنووس و شاعیر، فواد جیهانی چیرۆکنووس و شاعیر، سەعد قازی نووسەر، جەلال حاجی زادە چالاکی مەدەنی، سەردار سەیف قازی، مەحموود پێدرام شوێنەوارناسی مێژوویی، کۆمەڵێك لە شاعیران و نووسەران و رووناکبیرانی شارەکانی بۆکان، مەهاباد، سەقز، بانە، سنە و ناوچەی موکریان.

لەم رێوڕەسمەدا دوای بە خاك سپاردنی شاعیری کۆچکردوو کە بڕیار وابوو بە پێی وەسیەتی خۆی لە تەنیشت گۆری باوکی لە گوندی ساروقامیش سەر بە شاری بۆکان بە خاك بسپێردرێت، شاعیر و نووسەری ناوداری کورد محەمەد سەعید نەجاری ـ ئاسۆ بۆ ئامادەبووان دوا و لەم بارەیەوە روونکردنەوەیەکی ئاراستە کرد. هەروەها بۆ ئاڵوگۆری بەرنامەکە داوای لێبوردنی لە خەڵك و دانیشتووانی گوندی ساروقامیش کرد و لە لایەن بنەماڵەی مامۆستا "سۆران" سوپاسی خەڵك و

بەشداربووانی کرد.

لە درێژەی بەرنامەکەدا محەمەد سەعید نەجاری ـ ئاسۆ پارچە شیعرێکی خۆی کە بە بۆنەی بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی حەسەن سەلاح "سۆران" لەسەر کێشی پارچە شیعرێکی شاعیری کۆچکردوو ئامادەی کردبوو، پێشکەش بە جەماوەری بەشدار لە رێوڕەسمەکەی کرد. هەروەها شاعیر محەمەد رەسووڵ چووپانی پارچە شیعرێکی خۆی بە بۆنەی کۆچی دوایی حەسەن سەلاح "سۆران" خوێندەوە.

حەسەن سەلاح سۆران لە رۆژی 23ی مانگی سێپتێمبەری ساڵی 1941 لە بنەماڵەیکی تایفەی فەیزوڵڵابەیگی لە گوندی ساروقامیش سەر بە شاری بۆکان لە دایکبووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە بۆکان تەواو کردووە و لە کۆلێژەکانی Trinity, Sent Jorj & Dtanford لە وڵاتی بەریتانیا زمانی ئینگلیزی خوێندووە و چەندین کتێبی سەبارەت بە کورد، زمانی کوردی و شێعر و پەخشان بە چاپ گەیاندووە و کۆمەڵێك کتێبی چاپ نەکراویشی لە پاش بە جێ ماوە.

"سۆران" نزیکەی 20 کتێبی بە زمانەکانی کوردی، فارسی، ئینگلیزی و ئەڵمانی
نووسیوە و ئەزموونی 40 ساڵ وەرگێران لە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، فەرەنسی،
ئەڵمانی و رووسی هەبوو.
ئەنستیتۆی کوردستان لە تاران سەرەخۆشی لە کەس و کاری سۆران کرد



PNA – تاران- ئەنستیتۆی فەرهەنگی کوردستان لە تاران، لە بروسکەیەکی ماتەمینیدا پرسە و سەرەخۆشی لە کەس و کاری شاعیرو نووسەری کورد حەسەن سەلاح "سۆران" و شاعیران و رۆشنبیرانی کوردستان کرد.

بە پێی راپۆرتی تایبەتی بەشی رۆشنبیری ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر لە تاران، ئەنستیتۆی فەرهەنگی کوردستان لە تاران بە بۆنەی کۆچی دوایی شاعیر و نووسەرو زمانناسی کورد حەسەن سەلاح ناسراو بە "سۆران"، لە بروسکەیەکی ماتەمینیدا کە کۆپییەکی بۆ ئاژانسی پەیامنێر هاتووە، پرسەو سەرەخۆشی لە کەس و کاری "سۆران" و هەموو شاعیران و رۆشنبیرانی کوردستان کرد.

لە بەشێکی ئەم برووسکەی ماتەمینەی ئەنستیتۆی فەرهەنگی کوردستاندا هاتووە:
"بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی شاعیر، رۆشنبیر و زمانناسی کوردی مامۆستا حەسەن سەلاح "سۆران" هەموومانی ناڕەحەت و خەمبار کرد، بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کەس و کاری ئەم شاعیرە و شاعیران، رۆشنبیران و نووسەران و بە گشتی تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەین."

جێی وەبیرهێنانەوەیە شاعیر و نووسەر و زمانناسی کورد حەسەن سەلاح "سۆران" کاتژمێر 12ی نیوەڕۆی رۆژی چوارشەمە 16ی سێپتێمبری 2009 بە هۆی جەڵتەی دڵ لە ماڵی خۆی لە شاری کەرەج ماڵئاوایی لە ژیان کرد و دنیای نووسین، شێعر، پەخشان و وانە گوتنەوەی کوردی بە خوێندکارانی کورد و نەتەوەکانی دیکە بۆ هاتا هەتایە بە جێی هێشت و کۆمەڵێك کتێب و شێعر و نووسراوەی چاپکراو چاپنەکراوی لە پاش خۆی بە یادگار بۆ نەتەوەکانی داهاتوو بە جێی هێشت.

## له ڕێوڕەسمی پرسەی حەسەن سەلاح سۆران لە بۆکان یادی بەرز ڕاگیرا




PNA- مەنووچێهر جیهانی/ بۆکان ـ لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشی شاعیر و لێکۆڵەر و زمانەوان و نووسەری ناوداری کورد حەسەن سەلاح "سۆران" کە لە بۆکان بەڕێوەچوو، یادی بەرز ڕاگیرا؛ ئەو ڕاپۆرتە تایبەت بەو ڕێوڕەسمە.

بە پێی ڕاپۆرتی تایبەتی بەشی هونەری ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر لە شاری بۆکان، لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشی شاعیر، ئەدیب، وەرگێر، لێکۆڵەر، زمانەوانو ڕووناکبیری ناسراوی کورد و مامۆستای وانەکانی کوردی لە زانکۆکانی ئێران و زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر، حەسەن سەلاح ناسراو بە "سۆران" کە لە مزگەوتی "ئەلرەسووڵ" لە شاری بۆکان بەڕێوەچوو، شاعیران، نووسەران و هونەرمەندانی کورد یادی و ناوی ئەو شاعیرە کۆچکردووەیان بەرز ڕاگرت.

ئەم پرسەیە کە لە لایەن بنەماڵەکەیان و سەرجەم تایفەی فەیزوڵڵابەیگی و شاعیران و نووسەران و ڕووناکبیران و هونەرمەندانی ناوچەی بۆکان ڕێکخرا و بۆ ماوەی 2 ڕۆژ بەردەوام بوو.

لە دانیشتنی بەیانیدا فەرزاد حوسێنی شاعیر، نووسەر و چیرۆکنووسی بانەیی پەیامی ئەنجومەنی فەرهەنگی و ئەدەبی باژێری بانە بەبۆنەی کۆچی دوایی ناوبراو خوێندەوە.

لە دوانیوڕۆی ڕۆژی هەینیدا کەریم بەختیاری پەیامنێری سەتەلایتی کوردستان تی ڤی پێشکەشکاری بەرنامەکە بوو، چەندین وتار و شیعر و پەخشان بۆ یادی حەسەن سەلاح "سۆران" خوێندرایەوە کە تایبەت بوون بە ناساندنی کەسایەتی و پێگەی ئەدەبی و کار و چالاکی و خزمەتەکانی سۆران لە بوارەکانی شیعر، ئەدبیات، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، زمانەوانی و هەروەها گرینگی بە پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و بابەتەکانی پەیوەندیدار و خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی.

ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە لەو ڕۆژەدا شیعر و بەرهەمەکانی خۆیان خوێندەوە و هاتنە ئاخاوتن بریتی بوون لە: محەمەد سەعید نەجاری "ئاسۆ" شاعیر، نووسەر، وەرگێر، مامۆستای زانکۆ و بەرپرسی ئەنجومەنی ئەدەبی شاری بۆکان، ئەحمەد تەها شاعیر، نووسەر، لێکۆڵەر و نوێنەری خەڵکی شاری بۆکان و ناوچە لە خولەکانی سێیەم و چوارەمی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ئێران، مستەفا ئیلخانی زادە شاعیر، نووسەر، وەرگێر، لێکۆڵەر، مامۆستای وانەکانی زمانی کوردی و بەرپرسی کۆڕی فێرکاری و فەرهەنگی ئەدەب بۆکان، محەمەد ئیبراهیمی نووسەر و لێکۆڵەر، محەمەد ڕەسووڵ چووپانی شاعیر و ئەندامی خولی دووەمی شۆڕای ئیسلامی شارستانی بۆکان، جەلال حاجی زادە ڕۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی، ئیرەج ناهید شاعیر، نووسەر و لێکۆڵەر، محەمەد بەحری شاعیر، نووسەر، لێکۆڵەر و مامۆستای قوتابخانەکانی بۆکان، فاروق کەیخوسرەوی بابامیری نووسەر، لێکۆڵەر، جێگری دووەمی ژووری بازرگانی و پیشەسازی و کانزاکانی سنە، ئەندامی لێژنەی نوێنەرانی ژووری بازرگانی ئێران، سەرۆکی کومیسیۆنی بازرگانی ژووری بازرگانی ئێران.

هەروەها لە دانیشتنی بەیانی رۆژی شەممەدا چەندین پارچە شیعر و نووسراوە و بەرهەمی ئەدەبی خۆیان خوێندرایەوە. سەرەتا محەمەد سەعید نەجاری "ئاسۆ" پارچە شیعرێکی شینگێڕی بۆ سۆران ئاراستەی ئامادەبووانی دانیشتنەکە کرد. ئینجا مەلا عەبدوڵڵا رەحمانی مامۆستای ئایینی گوندی ساروقامیش ئاماژەی بە پێگەی بەرزی ئەدەبی سۆران کرد و گووتی "پێویستە ئاوڕێك لە مێژووی کورد بدرێتەوە بۆ ئەوەی کە کەسایەتییە بلیمەتەکانی خۆمان باشتر بناسین و بزانین کە میللەتی کورد لە رابردوودا چە کەسانێکی لێهاتووی هەبووە. لە ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییەدا بۆمان دەردەکەوێت کە کەسانێکی زۆر ناوداری مێژووی جیهان بە رەگەز کورد بوون".

هەر لە درێژەی بەرنامەکەدا رەسووڵ کەریمی "سووتاو" شاعیر و نووسەری مەهابادی گوتی: قەڵەم لە دەستانێکدا باڵ دەگرێ و لە دەستانێکیشدا دەمرێ و دواتر بە یادی ئەوەی کە سۆران قەڵەم و نووسینێکی زۆر بەهێز و جوانی هەبوو، پارچە شیعرێکی خۆی سەبارەت بە قەڵەم خوێندەوە.

لە درێژەی بەرنامەکەدا حاجی کەریم زکالاب پەیامی سەرەخۆشی خەڵکی گوندی شاریکەند سەر بە شاری بۆکانی ئاراستە کرد و چەندین پارچە شیعری بۆ لاواندنەوەی سۆران خوێندەوە.

هەر لە رێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشی حەسەن سەلاح ناسراو بە "سۆران" و لە دانیشتنی دوانیوڕۆی رۆژی شەممەدا شاعیران و نووسەران چەندین وتار و شیعر و نووسراوە و پەخشان و بەرهەمی ئەدەبیان بۆ یادی حەسەن سەلاح "سۆران" خوێندەوە کە بریتی بوون لە: عەباس ئەیووبی، سەعدوڵڵا مەجیدی، جەعفەر ئەفخەمی ئەندامی کۆڕی کوردانی دانیشتووی تاران، محەمەد حوسێن پوور، یاسین مەجیدی پەیامی ئەنجومەنی ئەدەبی گوندی ناچیت و کتێبخانەی سوارەی لە گوندی ناچیت خوێندەوە، ئیبراهیم ئەحمەد بە نوێنەرایەتی لە لایەن کەناڵی ئاسمانی کوردسات پەیامی سەرەخۆشی راگەیاند، سەلاح نیساری، مستەفا ئیلخانی زادە، کاوە عەزیزنژاد کوری راوچی شاعیر، مەلا حوسێن مەجیدی مامۆستایی ئایینی. هەروەها کەریم بەختیاری پێشکەشکاری ئەو بەرنامەیە بوو.

سەبارەت بە شوێنی بەخاکسپاردنی شاعیر و نووسەری کۆچکردوو حەسەن سەلاح "سۆران"؛ لە لایەن کوڕەکانی و بنەماڵەکەیان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هەواڵانەی کە لەو رۆژانەدا لە هەندێك لە میدیاکاندا بڵاوکرایەوە، روونکردنەوەیەك بەم شێوەیەی خوارەوە راگەیەندرا:

رۆژی هەینی (2009/9/20) تەرمی حەسەن سەلاح "سۆران" سەرەتا لە مزگەوتی ئەلرەسووڵ و دواتر لە شەقامەکانی ناو شاری بۆکان بەرەو گۆرستانی گشتی ئەو شارە بەڕێکرا و بە پێی بڕیاری بنەماڵەکەی لە تەنیشت مەزاری شاعیرانی کورد عەباس حەقیقی و عومەر سوڵتانی "وەفا" لە گۆرستانی گشتی شاری بۆکان بە خاك سپێردرا.

جێی وەبیرهێنانەوە کە لە رێوڕەسمی بەخاکسپاردنی شاعیری کۆچکردوو کە بڕیار وابوو بە پێی وەسیەتی خۆی لە تەنیشت گۆری باوکی لە گوندی ساروقامیش سەر بە شاری بۆکان بە خاك بسپێردرێت، شاعیر و نووسەری ناوداری کورد محەمەد سەعید نەجاری ـ ئاسۆ بۆ ئامادەبووان دوا و لەم بارەیەوە روونکردنەوەیەکی ئاراستە کرد کە بە پێی بڕیاری بنەماڵەکەی لە تەنیشت گۆری شاعیرانی ناوداری کوردستان عەباس حەقیقی و عومەر سوڵتانی "وەفا"، لە گۆرستانی گشتی شاری بۆکان بە خاك سپێردرا.

هەروەها بۆ ئاڵوگۆری بەرنامەکە داوای لێبوردنی لە سەرجەم خەڵك و دانیشتووانی گوندی ساروقامیش کرد و لە لایەن بنەماڵەی "سۆران" سوپاسی هەموو خەڵك و بەشداربووانی

ڕێوڕەسمەکەی کرد.

حەسەن سەلاح سۆران لە ڕۆژی 23ی مانگی سێپتێمبەری ساڵی 1941 لە بنەماڵەیکی تایفەی فەیزوڵڵابەیگی لە گوندی ساروقامیش سەر بە شاری بۆکان لە دایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە بۆکان تەواو کردووە و لە کۆلێژەکانی Trinity, Sent Jorj & Dtanford لە وڵاتی بەریتانیا زمانی ئینگلیزی خوێندووە و چەندین کتێبی سەبارەت بە کورد، زمانی کوردی و شێعر و پەخشان بە چاپ گەیاندووە و کۆمەڵێك کتێبی چاپ نەکراویشی لە پاش بە جێ ماوە.

"سۆران" بەرپرسی لێژنەی فەرهەنگی کۆری کوردانی دانیشتووی تاران بوو، لە ماوەی ساڵانی کار و چالاکی و خزمەتی خۆیدا لە بوارەکانی فەرهەنگی و ئەدەبی و زمانەوانی نزیکەی 20 کتێبی بە زمانەکانی کوردی، فارسی، ئینگلیزی و ئەڵمانی
نووسیوە و ئەزموونی 40 ساڵ وەرگێڕان لە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و ڕووسی هەبوو.

## ڕۆشنبیری - فەلەکەدین کاکەیی پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی کەس و کاری سۆران کرد




PNA- هەولێر- وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بروسکەیەکی ماتەمینی ئاراستەی کەس و کاری شاعیر و مامۆستای زانکۆ حەسەن سەلاح ناسراو بە "سۆران" کرد.

فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بروسکەی ماتەمینییەکەدا کە کۆپییەکی دەست ئاژانسی پەیامنێر کەوتووە، لە بەشێکیدا دەڵێت "بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی شاعیری ناسراو و مامۆستای زانکۆ حەسەن سەڵاح ناسراو بە (سۆران)ی شاعیرمان پێ گەیشت، کە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە لە ماڵەکەی خۆی لە شاری "کەرەج" کۆچی دوایی کرد، بەم بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کەسوکاری خوالێخۆشبوو و شاعیرانی کوردستان و مامۆستایانی زانکۆ لە زانکۆکانی تاران و کوردستان دەکەین".

ئاهێك بۆ ئاوا بوونی دوو ئەستێرەی گەش لە ئاسمانی ئەدەب و هونەری كوردستاندا
2009 09 17 - 20:54



ڕەفعەت موڕادی
دڵنیام كۆچی لە پڕ و ناوەختی دوو ئەستێرەی گەشی بواری ئەدەب و هونەر مامۆستایان : شاعیر و ئەدیب و شۆرشگێر كاك سەلاح سۆران، هەر وەها موزیكدانەر و ژەنیاری بەرجەستەی ئێران و كوردستان ، مامۆستا حەسەنی یوسف زەمانی دڵی هەموو كوردێكی دڵسۆز و خاوەن هەڵوێستی هەژاندووە و ئەوەی تا ڕادەیەك تێكەڵی ئەو دوو بوارە بوو بێت باشتر و زۆرتر هەست بەو كەلێنە گەورەیە دەكات كە لە پاش ئەو دوو نەمرەوە دەكەوێتە نێو ئەدەب و هونەری گەلەكەمان چونكە ئەو ئازیزانە بەشێكی زۆری تەمەنیان لە پێناوی دەوڵەمەند كردنی وێژە و هونەری گەلەكەیان تەرخانكردبوو و لەو پێناوەشدا ڕەنج و ماندوو بۆونێكی زۆریان بە سەرشانەوە بوو ، لە لایەكەوە خەمی ئەو بەربەست و ئاستەنگانەیان بوو كە لە بەر دەم گەشەكردن و باڵاكردنی هونەری كوردیدا دەبینرا و لە لایەكی تریشەوە چۆنیەتی برەودان و گەشە پێدانی ؟! بێگومان لە هەردوو حاڵەتەكەدا هەنەرمەندان و ئەدیبانی نیشتمانپەروەری كورد بەرەو ڕووی ئەو تەنگ وچەڵەمە دەبوونەوە و زۆر جاریش باجی ئەو بەرنگاریە ڕۆشنبیریەیان دەكەوتە سەر شان ، بەش بە حاڵی خۆم لە ماوەی خوێندنم لە زانكۆ و بەشداریكردنم لە ڕێورەسمە ڕۆشنبیری و هونەریەكاندا شانازی ئەوەم پێبڕاوە كە لە خزمەت ئەو بەرێزانەدا بم و تەنانەت تەنانەت یەكیك لەو كەسانە بووم كە ئامادەبوونی ئەو دوو نەمرەم لە بۆنە جۆراو جۆرەكاندا بە پێویست زانیوە و ئەو زەمینەشم بۆ هەموار كردوون ، چونكە پێم وابووە ئەو دوو كەسایەتییە سەرەڕای ئەوە ی لە بوارەكەی خۆیاندا یەجگار دەوڵەمەندن بەڵكو دەتوانن گڕ وتینێكی شۆرشگێرانە بە كۆڕ
كۆبوونەوەكانمان ببەخشن بە تایبەتی مامۆستا سەلاح سۆرانی ڕەحمەتی كە بەراستی بە شێعرە بەپیز و پڕناوەرۆكەكانی گیانیی بەرخۆدان و تەنووری خەباتی گەرم وگوڕتر دەكرد بە جۆرێك لە زۆربە ی ئەو كۆڕ وكۆبوونەوانەدا كە تێیدا بەشداری دەكرد بۆن وبەرامی شێعرەكانی كەش وهەوای سیاسی لەباری بۆ جۆش وخرۆش نیشاندانی لاوانی خوێنگەرمی كورد دەخولقاند، لە یادمە لە یەكێك لەو كۆڕانەی كە بۆ یادی شەهیدانی كیمیا بارانی هەڵەبجە لە دانشكەدەی ئەدەبیاتدا لە تاران سازمانكردبوو و بۆ ئەو مەبەستەش خێزانی پێشەوای نەمر قازی موحەمەد دەعوەت كرابوو مامۆستا سەلاح سۆران و مامۆستا حەسەنی یۆسف زەمانی ئامادە بووانیان هێنایە جۆش وخرۆشەوە بە جۆرێك دەستوپێوەندەكانی رژێم لەوانە چەند جاش قەڵەم و پەرلەمانكارێكی نزیك لە ڕەحیمی پارێزگاری پێشوتری سنە دەنگی نارەزایەتییان بەرز بووەوە و ویستیان كۆرەكە تێك بدەن ؟ بەڵام بۆیان نەلوا و ئەو میتینگە سیاسییە بە پاڵپشتی ئەدەبی و هونەری ئەو دوو كەڵە هونەرمەندە كە هەنۆكە بەجێیان هێشتوین مێژویەكی پرشنكداری لە مێژوی سیاسی خویندكارانی كوردا تۆمار كرد ، خوێنەری بەرێز ئەمە نموونەیەكی دیاری ئەو چالاكی و هەڵوێستە كورد پەروەرانەو و نیشتمانپەروەرانەیە كە هەنەرمەندانی
كۆچكردوومان سەلاح سۆران و یوسف زەمانی كۆچكردوو لە ماوەی ژیانیاندا نواندییاند ، هیوادارم ئەم كوتە بیرەوەریە ببێتە هۆی ئاوڕدانەوەی زیاتر لە ژیان و بەرهەمەكانی ئەو نەمرانە و هونەرمەندانیتر ئەو ڕێگایەو ئەو شێوازە شۆرشگێرانەیە لە پێش بگرن و بیكەن بەرووناكی ژیانی ئەدەبی وهونەری خۆیان
یاد وبیرەوەریەكانیان پیرۆز و بەردەوام بێت

## دوایین بابەتی خوالێخۆشبوو مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران

به ناوی کوردستانی گەوره
ح.س.سۆران

soransa@hotmail.com

تاران – 2709/6/13

هەڵسەنگاندنێکی لاسەنگ

هەر وەک دەزانین فەرهەنگ ، هونەر ، فۆلکلۆر و ئەو چەشنە بەستێنە واتاییانە ، سامانی هەره گرنگی نەتەوەیین . ئەو سامانه ، وەک باغی فەرهەنگی گەلانه ، که بنچک ، دار و درەختی جۆر به جۆر ، گۆڵ و گوڵۆکی بۆن خۆشی جوان و رەنگاو رەنگ و بەرهەمگەلی هەمه چەشنەی تێدایه و پێویسته بۆ بووژاندنەوه و پەرەسەندنی ژیانەوی شێلگیری هرزی نەتەوەیی، کەڵکی بنەوەشتیان لێ وەربگیررێ و باڵەخانەی هەرمانی گەلیان ، پێ تۆیکمه و پتەوتر بکرێ .

بەڵام به داخەوه ، له نێو ئێمه دا ، لەم باغه به پیت و پڕ بەرهەمه ، به چەشنی پێویست کەڵک وەرناگیررێ و تەنانەت له هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بەرهەمەکانیش دا ، چەشنه هەڵاواردن و لاسەنگیەک وه بەر چاو دەکەوێ .
بۆ وێنه ، کاتێک باسی ورده کاری و شازی هۆنراوەی کلاسیکی کورد دەکرێ ، خێرا زوربەی خەڵک ناوی مامۆستای پایه بەرز و هۆنەری کەم وێنەی کورد مەلا خدری ناڵی دێننه نێوان . دەبێ پێ لەم راستیەش بنێم ، که پلەی هۆنراوەکانی مامۆستای مەزن مەلا خدری ناڵی ، وەک دوندی کێوی ئاڕاڕات بەرز و کەم هاوتایه ، بەڵام ئێمه نابێ هەر بەوەی که مامۆستا ناڵیمان هەیه ، تەواوی هۆش و گۆشی خۆمان بەو تەرخان بکەین و ئاوڕێکی بەربڵاو له هۆنەرانی مەزنی دیکەی وەک مامۆستا ئەحمەدی خانی ، خانای قوبادی ، مەحوی ، مەولەوی ، کاکه حەمەی ناری ، هۆنراوه کانی مامۆستا مەلا غەفووری دەبباغی ( به تایبەت ئەو هۆنراوانەی که هێشتا به دەستنووس لای خەڵکن ) و هتد نەدەینەوه ، که به ڕاستی شاکاری راستەقینەی وێژەی کوردین ؟ . وەک ئەوه وایه ، باغێکی زەنوێری زەمەنمان ببێ پڕ له میوەی چاک ، شیاو و مەیخۆش ، بەڵام ئێمه هەر تەنیا کەڵک له میوەیەک وەربگرین و بەس . چاک روونه که ئەم کەموکورتیه ، له بەستێنی هەڵسەنگاندنی کاری هۆنەرانی هەڵبەستی نوێ ، پەخشان ، چیرۆک و لەونەکانی دیکەی وێژەیی و هونەریش دا هەیه و با بڵێم هێندێک بەو چەشنەی پێویسته ، ئاوڕی یەکسانیان لێ نادرێتەوه .
تەنانەت له بەستێنی هونەری گۆرانی وێژیش دا ، هەر واین و زۆر جار ناوی گۆرانی وێژێک ، وەک بنێشته خۆشکه دەکەوێته سەر زمان و ئەوانی دیکه ، یا به جارێ له گۆلی له بیرچوون دا نوقم دەبن ، یا دەخرێنه پەراوێزێکی ئەستوور . بۆ سەلماندنی ئەم بیرۆکەیه ، پپرسیار دەکەم : " مێدیا هێژاو خۆشەویستەکانمان تا چەنده گرنگی به گۆرانیه کەم وێنەکانی مـامۆستایان سێوه ، عەلی مەردان ، حەسەن جەزراوی و ... دەدەن ؟دەبێ ئەمەش بدرکێنم ، که ئەم بیرۆکەیه هیچ دژایەتیەکی لەگەڵ رێزگرتن له گۆرانی وێژان و ژەنیارانی هاوچەرخ و لاو دا نیه ، بەڵکه مەبەست ئەویه ، که هونەرمەندانی لێهاتو و هەڵکەوتوی رابردومان نەخەینه پشت گوێ و لەبیریان نەکەین .

له بەستێنەکانی دیکەی فەرهەنگ و هونەریش دا ، ئەم درم و پەتایه هەر هەیه ، که هیوا دارم ئەم نووسراوه کورته ، بتوانێ کلیلێک بێ بۆ کلیک کردن و کردنەوەی دەرگه داخراوه فەرهەنگی ،هونەری و وێژەییەکانی باغی به پیتی هونەری کوردستانی گەوره .

**وتووێژی ناسر قادرپوور لەگەڵ بەرێز کاک حەسەن سەلاح سۆران**

**-1لەگەڵ ئەوەی کە هەموو خوێنەری کورد زۆر باش جەنابت دەناسن، ئەگەر دەکرێ بە کورتی خۆت بەخوێنەران بناسێنە ؟**

سۆران: بەناوی کوردستانی گەورە
من ناوم حەسەن سەلاح سۆران، کە نووسراوەکانم زۆرتر بەناوی ( ح. س. سۆران) بڵاو دەبنەوە .

بابم سەرهەنگ برایم سەلاح فەرماندەی هێزی کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان لە مەهاباد بو، کە بە بنەچەک دەچێتەوە سەر فەرمانڕەوایانی موکریان و دایکیشم ناوی ئامینەی گەلاوێژ بو کە لە دایکەوە، لە بنەماڵەی ناسراوی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵانە (خوشکەزای نەمر سەردار سەیفەددین خانی ئەردەڵانە، کە عوسمانیەکان لە سێدارەیان دا ). لە رۆژی دوی مانگی رەزبەری 1320 ی هەتاوی، لە ئاوایی ساروقامیشی جەغەتو، سەر بەناوچەی بۆکان هاتوومەتە دنیاوە( ئەگەر پێویست بەژیان نامە بو، بچنە سەر ماڵپەری bokan.de و لەوێ وەریبگرن .



**-2بە بڕوای جەنابت بۆ هەتا ئێستا، هیچ تاکێکی کورد بۆ بەهێز بوونی هەستی نەتەوەیی باسێکی ئەوتۆی لە ناسیۆنالیسمی کورد نەکردوە، یا ئەگەر باسی لێکراوەو و هەوڵی بۆ دراوە ، بۆچی کۆمەڵگەی ئێمە ئاوا لانەواز، بێبەش و پرش وبڵاوە؟**

سۆران: بەر لەهەمو شت، دەبێ واتەی وشەی ناسیونالیسم تان بۆ لێک بدەمەوە: وشەی ناسیونالیسم، بەمانای گەل خوازی و نیشتمانپەروەریە، چون بەزمانگەلی فەرەنگی بەگەل دەڵێن " ناسیون " و ناسیونالیست واتە گەلویست و گەلپەروەر. هەر لەبەر ئەویە، ئەم بیرۆکەیە لەزوربەی ئایین و فەلسەفەکان دا بە پیرۆز نرخاوەو و بەپێویست زانراوە. بەڵام بەداخەوە هێندێکی کەم لە قوتابخانە فەلسەفی و ئایینیەکان، وشەی پیرۆزی " ناسیونالیسم " یان لەگەڵ وشەی رەزاگران و زەقی " شۆڤێنیسم " لێ تێکەڵ بوە. ناسیونالیسم واتەخوشەویستی زێد، نیشتمان و ئاو و خاک و خزمەت بەوانە، نەک خۆ لە هەمو گەلێک بەزلتر زانین، رەگەزپەرستی و خەڵکی دیکە بە هیچ دانان. لە قوتابخانەی ناسیونالیسمی کلاسیک دا، هیچ گەلێک خۆی لە کەسی دیکە بەزلتر نازانێ و پێی وا نیە، خوێنی لە خوێنی خەڵکی دیکە رەنگینترە و کورد کوتەنی " لە لووتی فیلەوە کەوتوەتە خوارەوە"، بەڵام هەر لەم کاتەش دا، گەلی خۆشی بە کەمتر لە گەلانی دیکە نازانێ. بەم پێیە، زوربەی مرۆڤگەلی دڵسۆز و ناوداری کورد ناسیونالیست بوون، و لە دەوری کوانوی گەل و کوردایەتی کۆبوونەتەوە، بۆ وێنە: ماموەستا ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی، ماموەستا قانع، سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی، ماموەستا هێمن موکریانی و هتد. جا بەم پێیە، تەنیا شتێک کە ئێمەی بە هەر ئایین و فەلسەفەو بۆچوونێکەوە، لە دەوری یەک کۆ کردوەتەوە، دۆزی " ناسیون" یا "گەل" و وشەی کورد و کوردایەتیە. ئەگەر لە بەستێنی مێژوش دا، زۆرتر هەر کورتیمان هێناوە، بەشخوراو و پرشو بڵاوین و سەر نەکەوتووین، هۆی زۆر بوە، کە گرنگترینی ئەو هۆیانە، بریەتی بوە لەخوارەوە بوونی پلەی زانست، خۆخۆری، ململانێ، خۆ بەکەم زانین و هتد .

**-3پێت وایه" ناسیۆنالیست" بوون بۆگەیشتن به ئاواتەکانمان، واته پێک هاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ، بۆ گەلی ئێمه باشه یا خراپ؟**
سۆران: پێموایه هەر لە سێبەری دۆزی کوردایەتی و خڕبوونەوە لەدەوری تەوەرەی "ناسیون = گەل "ی کورد دا، دەتوانین داوای ماف، دەستەڵاتو سەربەخۆییو ئەو شته رەوایانه بکەین، دەنا کامه کەرەسەو ئامرازی دیکه، دەتوانێ ببێته پاڵوپشتی ئەم ویسته پێویسته .

**-4ئایا پێت وایه ئەو ولاتانەی ئێستا هەن، چ زل چ چکۆله،چ هەستێک کردونی به وولاتی سەربه خۆ، ئایا هەستی ناسیۆنالیستی نەبووه؟**
سۆران: دڵنیام، که تەواویان وەک گەلێک (ناسیۆنێک) و یا خاوەنی نیشتمانێکی هاوبەش، بەدوای دەستەڵاتو سەربەخۆیی دا چوون و سەرکەوتو بوون.

**-5ئێمه خوێندکارانی ناسیۆنالیستی کورد پێمان وایه، ئەگەر ناسیۆنالیست نەبین هەرگیز به ئاواتی خۆمان ناگەین، چونکه بەردەوام، ئەو هەسته ناسیۆنالیستیه، له نێو قەلبی تەوای گەلانی جیهان دا ده بینین و به رازی هەرمان و بەقای ئەوانی دەزانین .ڕوانگەی ئێوه وەک نەتەوه پاریزیک چییه؟**
سۆران: پێم بۆچوونێکی دروست تان هەیەو بێجگه له خۆشەویستی نیشتمان ( ناسیۆنالیست بوون)، له بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان دا ڕێگەیەکی دیکەنیه. مەگەر بیرۆکەی باژاڕۆکی چکۆلەی جیهانی سەربگرێ و سەربکەوێ، ئەو کاته ئێمەش وەک هەمو گەلانی دیکه، ژیانی یەکسانمان دەبێ و پێویست هەوڵ، به کێشەو هەرا نیه. ئەو کاته تەواوی خەڵکی جیهان وەک " ناسیۆن"ێکی جیهانی چاوی لێدەکرێ، که یەکێک لەوانه کورده. له بارودۆخی ئێستا دا، خەڵکی وڵاتانی جۆربەجۆر بزانن و نەزانن، هەمو ناسیونالیستن. ئەی ئەو گشته کێشەو هەرایه چیه له سەر بردنەوەی فووتباڵ، کایەی ئۆلێمپیک، خەڵاتی نۆبێل، بەهێز کردنی هێزی رامیاری، سپایی و ئابووری و هتد. بۆ هەمو کەس مافی ئەوەی هەیه بۆ مافی خۆی تێبکۆشێ، بەڵام کورد نیەتی؟ تەنانەت ئەگەر باسی هێزگەلی ئایینی و رامیاری سەرەکی مێژو بکەین، ئەوانیش لەپێش هەمو شت دا، ناسیۆنالیست بوون، جا دوای ئەوەبۆ وێنه ئیسلام یا کۆمۆنیست، سۆسیالیست و شت بوون. دەستەڵاتی عوسمانی، وەک هێزێکی سەرەکی بەناو ئیسلامی، بۆ وێنه **وەک نوێنەری خودا!**، ناوی زوربەی ناوچەکانی کوردستانی کرد به تورکی و ئێستاش ئەو ناوانه هەر ماون و هەر بەو بیانوه ئێستا تورکیا داوایان دەکاتەوه. یا دەستەڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت، بۆ وێنه پاشگر (پاشکۆ) یەکی نا بەناوی زوربەی خەلکانێکەوه که رووس نەبوون، بۆ وێنه ئێستاش له کۆماری ئازربایجان پاکیان بەدروشمی **ئۆڤ داغکراون**، وەک " ئاخوندۆڤ "، عەلیۆڤ " و فلان و فیسار، ئەی ئەمه دەتوانێ ناوی چی بێ؟ ئێستاش لەوڵاتی چێن، که به ناو نێوەندی کۆمۆنیسم یا با بڵێم سۆسیالیسمه، هەرچی **تێبێتیەکان** هاوار دەکەن و دەڵێن ئێمه چینی نین و دەستەڵاتی خۆمان دەوێ، به گۆپاڵ وەڵامیان دەدەنەوه!!! . گشتمان دالای لامای ئاواره، رێبەری تێبێتیەکان دەناسین .

**-6ڕینوێنی توو بۆ ئێمەی ناسیۆنالیست چییه،بەچ شێوه یەک هەنگاوبنێن سەر کەو توو ده بین؟**
سۆران: هەمیشه وەک کورد و بەناوی کوردێک، که نزیکەی پەنجا میلیۆن خەڵکی جیهان پێک دەهێنین، دەبێ بەپێی یاساگەلی نێو نەتەوەیی، داوای ئەم مافه بکرێ و بەچەشنی هەمه لایەنەو بنەوەشت هەوڵی بۆ بدرێ، نەک به پێناسەی هێندێک له ئایین و بڕوا فەلسەفیەکان، کورد لەمافی خۆی چاوپۆشی بکا، بەڵام گەلانی دیکه هەومو مافی ئەوەیان بێ، خاوەنی چارەنووس و مافی خۆیان بن .

**-7زۆر سپاست ده کەین که ئەو ده رفەتەت پێ داین.**
ئاماده کردنی ناسر قادرپوور .
سۆران: منیش دەست خۆشی و ماندو نەبینیتان لێ دەکەم – ح. س. سۆران .

## سازدانی دیمانە بەڕێز کەماڵ چۆمانی لە گەڵ مامۆستا حەسەن سالح سۆران ناسراو بە ح.س.سۆران

لەگەڵ پاڵێوراوی کورد بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی
سازدانی: کەمال چۆمانی، _

مامۆستا حەسەن سەلاح سوران، ناسراو بە ح.س.سۆران، لە هوزی فەیزوڵڵابەگی یە، کە 23.9.1941 لە ئاوایی ساروقامیشی جەغەتو ، لە ناوچەی بۆکان، لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتۆتە دنیا. بابی سەرهەنگ برایم سەلاح ، فەرماندەی هێزی کۆماری دێمۆکڕاتیکی کوردستان لە مەهەباد.
ح. س. سۆران ئەمڕو دانیشتووی شاری تارانە . چەند ساڵ پێش بو بە ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد لە هەولێر و تازەش پاڵاوتوویانە بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی 2008 ، کە بڕیار وایە هەڵبژاردنەکەی لە مانگی 10 ی ئەمساڵ دا بەڕێوە بچێ . لە سەر داوخوازی زۆر لە خەڵکی رۆژهەڵات ، ئەنجومەنی شاری بۆکانیش ، بۆ رێزلێنان لە هەوڵ و تێکۆشانی پەنجا ساڵەی مامۆستا سۆران ، لە لەو شارە کە زێدی ئەوە ، شەقامێکیان ناو ناوە بە ناوی " شەقامی سۆران" و بڕیاریش وابو ، لە شارۆچکەی "رەبەت" تەندیسی (پەیکەری نیو تەنە ) لێ دروست بکەن ، بەڵام نازانین ئەو کارە کراوە ، یا پەکی خراوە !؟.
سۆران بێجگە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری لەندەن ، لە کۆلێژەکانی ) St George ،Trinity ، Stanford) و ...لە شاری لەندەن ،لە ئینگلستان زمانی ئینگلیسی خوێندووە و وەک پسپۆڕی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیسی، لە تاران کار دەکات و لە نیو سەدە بەر لە ئێستاوە ، وەک شاعیر، نووسەر و وەرگێڕ بەرهەمەکانی بە زمانی کوردی و زمانگەلی دیکەو خاوەنی 28 کتێبە.
کەمال چۆمانی: ئەم ماوەیە وا بڵاوکرایەوە کە "ح.س.سۆران" پاڵێوراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی جیهانی، دەکرێت لەسەر ئەمە زانیاری زیاتر بدەیتە خوێنەران.؟
ح. س. سۆران: رەنگە بزانن کە هەر کەس کاندیداتۆری خەڵاتی نۆبێل بێ ، دەبێ خەڵک داوخوازی بکەن، تا ئەو کەسە بپالێورێ ، نەک خۆی داوخوازی بکا . بەم پێیە چەند ساڵ بو ، دەمبیست زۆر لە دۆستان دەیانویست من بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە پێشنیار بکەن ، کە وا دیار بو ، وەک حەوت خانی رۆستە دژوار بو و بۆیان جێبەجێ نەدەبو . بەڵام ئەمساڵ ، هەر وەک خۆت لە هەواڵەکان دا خوێندووتەتەوە ،توانیبوویان ناوم بنووسن ، کە زۆر سپاسیان دەکەم .لەسەرم پێویستە ئەمەش بدرکێنم ،کە خەڵکی کوردستانێش لە تەواوی پارچەکانەوە ، زۆر لایەنگریان لەم هەواڵە کرد .هەر لە بەر ئەوە ، ئەم خەڵاتە ببەمەوە یا نا ( کە ئەگەری بردنەوەی بۆ کوردێکی یەک لاقەبای وەک من، فرە کەمە) ، ئەم لایەنگریە بەبڵاوەی خەڵکی کوردستان ، بە خەڵاتی بەرز و رەسەنی کورد دادەنیم و لەگەڵ خەڵاتی نۆبێل نایگۆڕمەوە . ئەگەر یەک لەهەزار بیشی بەمەوە ، گەلی کورد برویەتیەوە ، نەک من . با ئەمەش روون کەمەوە ، کە پێشم وایە زۆر کەسی شیاوتر لە من لە نێو کورد دا بۆ ئەم کارە بو ، بەڵام هەر چۆن بێ ، دووبارە سپاسیان دەکەم .
کەمال چۆمانی: بەڕێزتان لە تاران دادەنیشن، دەکرێت بزانین بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی کوردەکانی رۆژهەڵات لە چی دایە؟
ح. س. سۆران: بۆ خۆتان هەمو رۆژێک هەواڵەکانی رۆژ هەڵات لە تی.ڤی ، رادیۆ ،رۆژنامە و مێدیاکانی دیکە دەبیستن و دەخوێننەوە ، کە هەر چی بڵێم دووپاتەیە ، کورتی دێنێ وئەو گشتە کارەساتە بەربڵاوە ، لەم نووسراوە کورتە دا بە هیچ کلۆجێک نە دەگونجێن و نە جێیان دە بێەتوە !!!. دەبێ کتێبێکی پەڕارەنامەی زلە بە جوێ بنووسم. واش بزانم ، خۆتان زۆر لە نووسراوەکانی خۆم لەم بەستێنەدا دەخوێننەوە .
کەمال چۆمانی: پێتوانییە کوردانی رۆژهەڵات پێویستییان بە قیادەیەکە بۆ ئەوەی وەک کوردانی باکوور رۆژانە و لە گشت بۆنەکان خۆپیشاندان بکەن و ناڕەزایەتی دەرببڕن؟
ح. س. سۆران: بەڵێ ، پێم وایە بەرەیەکی یەک گرتوی ساز و پتەویان زۆر پێویستە ، تا بتوانن دەنگی داوخوازی ماف و داوخوازیەگشتیەکانی دیکەیان بە رێک و پێکی و بە بێ دڵەخورپەی " لە ترسان و

له برسان " دەربڕن و دەرفەتی ئەوەیان ببێ ، بە چەشنی ئازاد قسەکانیان بکەن . ئەگەر لە هەزارەی سێش دا نەتوانن بە راشکاوی ، بیر ورای خۆیان دەربڕن ، ئەی کەی دەتوانن ئەو کارە بکەن ؟

کەمال چۆمانی: ئێوە پەیوەندییەکانتان لەگەڵ ناوەندە رۆشنبیری و سیاسییەکانی تاران و ئێران چۆنە، نوخبەی رۆشنبیری فارس و ئێرانی چۆن لە کورد و قەزییەکەی دەڕوانن؟

ح. س. سۆران: پەیوەندیەکی هەرە زۆر نزیکم لەگەڵ نێوەندە رۆشنبیریە کوردیەکانی تاران و کوردستانی رۆژ هەڵات هەیە ،بەڵام هیچ پەیوەندیەکی ئەوتۆم لە تەک نێوەندە ناکوردیەکاندا نیە . تاجێگەیەک ئاگادارم ، زوربەی ناکوردەکان ( عەجەمەکان) ،پێیان وایە کورد لە هەر کوێیەک بێ ( تەنانەت لە ئەستێرەی میرریخیش) هەر ئێرانی رەسەن و خوشسە ،بە داخەوە هێندێک لە زەلامە کوردەکانیش ، بە لای کەمەوە، هەر ئەم بۆچوونە سەیرە دووپاتە دەکەنەوە ! . ئیدی نازانم ، بۆ وێنە ، خەڵکی شاری گوڵبون لە باکوور ، بە کامە پێوەر ئیرانین ؟ ئەو کاتە خەڵیفە ئەدۆغان هەڵوێستی چۆن دەبێ !!!

کەمال چۆمانی: لە یەکێک لە نامەکانتدا بۆ مێدیای کوردستانی گەورە، داوا دەکەییت وەک پێویست ئاوڕ لە تەواوی بەشەکانی کوردستان بدرێتەوە نمونەی کرمانشان و کەلهوڕ و لەک دەکەیت، ئایا هیچ وەڵامێکت دەستکەوت، پێتوانییە ماسمێدیای کوردی کەوتووەتە ژێر هەژموونی سۆرانی و کرمانجی؟

ح. س. سۆران: راستە ، من پێم وایە و " هەر واشە" ، سی لەسەدی نەتەوەی کورد هان لە ناوچەگەلی کرماشان ، ئیلام و با بشڵێم لوڕستان . لە قەڵەم خستنی ئەو سی لەسەدە ، کە دەبێتە لە بیربردنی نزیکەی 15 میلیۆن کەس (کە زوربەی لوڕن) ، بە رەپێڵگەیەکی لاواز دادەنرێ .بەڵام ، هەروەک دەزانی ئێستا مێدیاکان ، سەرنجی پتر دەدەنە سەر ئەو ناوچانە و ناوچە لەبیرکراوەکانی دیکە ، وەک پارچەی پێنجەمی کوردستانی گەورە و خوراسان . ناشڵێم هەر وتن ، نووسین و گازندەکانی من ئەم بارودۆخەی گۆڕا ، بەڵام توزێکیش بێ شوێن دانان نەبو . خۆشم زۆر دەچمە ئەو ناوچانە و لەگەڵیان ئاوێتە دەبم و قسەیان لەگەڵ دەکەم . ئەو هێژێمۆنیە کرمانجی و سۆرانیە ، کە دەفەرموی ، ئێستا زۆر کز بوە .

کەمال چۆمانی: هەڵوێستەتان چییە لەسەر تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسانی کوردستانی باشوور و ئەو هەڕەشانەی لێیاندەکرێت؟

ح. س. سۆران: پێنووسی رۆژنامە نووس زمانی راستەقینەی خەڵکە ، ئەگەر ئەو پێنووسە بشکێ ، وەک ئەوە وایە زمانی خەڵک ببڕرێ . رۆژنامە نووسی دڵسۆز و بەرپرس سەرمایەی هەر نەتەوەیەکە و دەبێ بە گیان و دڵ بپارێزرێ . چون ئەوە رۆژنامە نووسە ، کە دەتوانێ وەک " تێرمۆستات" ، کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکا . لە هەر کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتو دا ، زۆرتر خەڵک لە ترسی لە قاودانی رۆژنامە نووس ، خۆیان لە گەندەڵکاری و خوارو خێچی دەپارێزن ، نەک لە خۆفی خودا ، یاسا یا ئاوەز . هەڕەشەش کارێکی چەوت و ناجوامێرانەیە ، جا هەر کەس ، لە هەر کوێیە، لە هەرکەسی بکا .

کەمال چۆمانی: لەیەکێک لە بابەتەکانتدا، باسی لێکچووەکانی نێوان "خودا و کورد" دەکەیت، یەکەم لێکچواندنن دێرە شیعرێکی شێرکۆ بێکەست وەرگرتووە کە دەڵێت "کورد و خوا لەیەکدەچن، هەردووکیان بێشەریک و بێکەسن" شێرکۆ لە کوردستانی باشوور تووند وەڵامی درایەوە و کە نابێت خودا لەگەڵ هیچ شتێک بشوبهێندرێت، لە دەوڵەتێکی ئیسلامی وەک ئێران چۆن پێشوازی لەو لێکچواندنەی تۆ کرا، مەبەستت لە لێکچواندنەکە چی بوو؟

ح. س. سۆران: من ئەم هۆنراوەی ئەو هۆنەرە بەڕێزەم نەخوێندوەتەوە ،بەڵام هەر لەم رۆژانە دا دیسان کە بیستم ، هێندێک لە تورکانی پۆست فاشیست ( نەک تورکی وەک کاک ئوڕهان و ئەوانە ) ، فەرموبوویان ، زوربەی گوندەکانی رۆژ هەڵاتی کوردستان ناوەکانیان تورکین ، هەر لەبەر ئەمە ، ئەوێش تورکستانە ( تورکیایە ) . منیش زۆرم پێ سەیر بو و سەرسام مام ، وتم بەس جێ و رێی نزیکەی 50 میلیۆن کورد لەم جیهانە بەرینە دا کوێیە ، خۆ ئەوان خودا نین " لا مەکان " بن . کەسێک ، کە پێنووسەوان یا بە باوی ئێستە با بڵێین کیبۆردەوانە ، یا نابێ ئەو کارە پیرۆزە بگرێتە ئەستۆ ، یا ئەگەر گرتی، نابێ خۆی لە وتنی راستی بپارێزی و لە هەر کوێیەکەوە بای بێ شەن بکا . بەڵام دەبێ ئەمەشی لەبەر چاو بێ ، لە نێو چوارچێوەی ئاخەفتنی سەردەمی شوانی دا قسە نەکا و هەر چی بۆچوونی هەیە بە راشکاوی بیڵێ ، بەڵام سنووری سووری رێز ، بە چەکی وشەکانی نەرووخێنێ . ئەو شتەش کە من نووسیبوم ، زۆریان پێ راست و شاز بو، هەر لەبەر ئەوە زۆر بەرەوپیری هاتن .

کەمال چۆمانی: ئێوە رایەکی جیاتان هەیە دەربارەی زمانی ستانداردی کوردی و تیپی لاتینی بە باشتر دادەنێن پێتانوانییە ئەو زاراوە و تیپەی ئێستا لە باشووری کوردستان لە رۆژنامە و مێدیای کوردی بەکاردێت زەمینەی خۆشکردووە بۆ بە ستانداردبوونی، هەر وەک لەماوەی رابردووش نوخبەیەکی رۆشنبیری کوردی ئەو داوایەیان کردبوو؟

ح. س. سۆران: ئەوانەی فەرمووتەوایە و حاشاهەڵگر نین ، بەڵام ئێستە ئێمە لە سەردەمی کامپیوتێر و ئینتێرنێت دا دەژین ، خۆ بارودۆخ وەک جاران نیە ، ئیدی کارێکی وامان بە دەزگای تایپی ئاسایی و بە پێنووس نیە . بۆ ئەوەی کە بتوانین لە شارۆچکەی خونجێلانەی جیهانی دا وەپاش نەکەوین ، دەبێ بە پیتگەلێک بنووسین کە هەمو کامپیوتێری جیهان ، ناسیاوی بن . دەڵێن قسە قسە دێنێ ، من پتر لە 20 وڵات چووم . لە زۆر وڵات ، نە دەتوانی بە فۆنتی کوردی ( عارەبی) بنووسی نە بخوێنیتەوە ، یا ئەگەر بشبێ فۆنتەکان وەک بەنی ئاڵۆسکاو تێک دەچن . ئێمە دەبێ ئەلفوبێیەکمان هەبێ ، کە لە کن هیچ کامپیوتێرێک غەوارە نەبێ . دەنا وەک لە قەراغ چۆمی ئامازۆن گیرمان کردبێ وایە و لە خەڵکی جیهان پەڕ و دوور دەکەوینەوە و نا توانین خۆشمان پەیوەندی ئەوتۆ لەگەڵ یەکتر بگرین . من ئەلفوبێیەکی کوردی لاتینم نووسیوە ، کە بە تەواوی کیبۆڕدی ستانداردی جیهان دەنووسرێ و هەمو کامپیوتێرێک دەیخوێنێتەوە . پێویستی بە دابەزاندنی فۆنت و کیبۆڕدی تایبەت نیە ، پاکی پیتی ئاسایی لاتینن ،وەک ئینگلیسی . ئێستاش بۆ ئەنجام دانی ئەم ئاڵوگۆڕە زۆر بارودۆخێکی باشە ، چون هێشتا بەداخەوە ، بەو چەشنە زمانی کوردی سەقام گیر نەبوە .بۆ سەلماندنی ئەم بیرۆکەیە با بڵێم ، خۆت دەزانی هەر لە ناردنی ئەم پرسیارانەدا ، دووچاری کێشەی فۆنت بوین و چارەیەک نەبو ، وای لێهات چەند رۆژ ناردنی ئەم وەڵامانە بە دوا بکەوێ . ئەگەر پیتی ستانداردی لاتینمان ببوایە ، ئەوە روی نەدەدا . دیارە ئەم بۆچوونە هەر سەبارەت بە فۆنت بو ، سەبارەت بە زمانی یەک گرتو ، باسێکی دیکەیە و هەویرێکە ، کە ئاوی فرە زۆر دەوێ . بەڵام با ئەوە بلێم ، زوربەی وڵاتگەل وەک کوردستان چەند زاراوەیان هەیە ، کەچی زمانێکی ستانداردیشیان ( یەک گرتووشیان) هەس ، کە زۆرتریان تێی دەگەن ، وەک وڵاتی ئێران .

کەمال چۆمانی: بەڕێزتان لەیەکێک لە چاوپێکەوتنەکانتان دەڵێن "سۆزی نەتەوایەتی، وەک رێنسانسێکی مەزنی کەم وێنەی نەتەوەیی دادەنێن لەمرۆی کوردستاندا" پێتوانییە ئەوە بۆ کوردستانی باشور بێبنەمایە. چی بکرێت بۆ ئەوەی هەست و سۆزی نەتەوایەتی لای تاکی کورد لە باشوور زیندوو بکرێتەوە. هەستناکەییت بەعس و حکومەتەکانی تری عێراقی بە درێژایی مێژوو نەیانتوانی وەک یەکێتی و پارتی تاکەکان و بەتایبەت گەنجەکان لە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی بکەن؟

ح. س. سۆران: هەمو شت بە پێی کات و جێگە تۆفیر دەکا و دە گۆڕرێ . رەنگە تۆش لەمەدا هاوبیری من بی ، کە ئەو خەبات ، گیانبەخت کردن و هەوڵە ، لە کوردستانی باشوور دراوە ، پتر لە ئەفسانە دەچێ و لە کەم بەشی کوردستان ، خەڵک وا تێکۆشاون ، بۆ وێنە تەق و رەوە گشتیەکە ، کە لە ( خرووجی) مووسا سەرنجراکێش و زەمەنتر بو . بەس ئەو هەستانەوەیە ، لە باشوور نەک هەر روی داوە ، بەڵکە لە دوندی خۆشیا بوە . بەڵام ئەوەی کە دەفەرموی لەوێ کوردشۆری کراوە ، رەنگە دو دانە هۆی سەرەکی هەبێ :

1- کاتێک مرۆڤێکی بەهەستی نیشتمانپەروەری بن دەست ، بە هەمو یا هێندێک لە ئاواتەکانی دەگا ، ئەو هەستە تۆزێک یا زۆر دادەمرێ . وەک ئەوینی لاوێک سەبارەت بە کیژێک ، کە لە پاش بە هاوسەربوون ، ئاوری ئەوینە کە دەبێتە پشکۆی خۆشەویستی منداڵ و رەنگە جارجار بشبێتە بۆڵەمڕ . بۆ وێنە زۆرتر هۆنەران کاتێ هێشتا ئافرەتە کەیان نەگوێستوەتەوە هۆنراوەی بە سۆز بە دڵدارەکەیاندا هەڵ دەڵێن ، نەک کاتێک خێزانی خۆیانە و لە باوشیان گرتوە . رەنگە ماموەستا مەولەوی و نالیش ،سەبارەت بە خاتو عەنبەر و حەبیبە خاتوون هەر وا بووبن ، ئەو هۆنراوانەیان کاتێک وتوە ، کە هێشتا وەک ژن و مێرد ، بە یەک نەگەیون .

2- یەکیش رەنگە هۆی ئەوەبێ ، کە زۆر لەو شتانەی خەڵک چاوەروان بوون ، بە دینەهاتوە یا شتی نەرێی ( مەنفی) وایان دیوە ، کە وای بەسەر هێناون . دیارە هی واش هەر هەن ، کە هێشتا ئەو سۆزەیان هەر مابێ .

بۆ ئەوەی چۆن بکەین ، خەڵک بە لای کەمەوە، هەروەک جاران بە هۆنراوەکانی مامۆستای گەورەم، حاجی قادر دڵیان پڕبێ و هەستی کوردایەتیان بێتەوەکوڵ ، وەک دڵۆپێکی جکۆلە لە زەریای مەزنی گەلی کورد ، لە بەرپرسگەلی ڕێزدار داوا کارم ،هەتا دەرنگ نەبوە بەر بەو شتانە بگرن کە خەڵک لە کوردایەتی دوور دەخاتەوە و وەڕەسیان دەکا . ئەوان بە پشتیوانی ئەو هێزە جەماوەریە ، لە سەر کورسی دانیشتوون ، کاتێ ئەو هێزە پووچەڵ ببێتەوە ، خودای نەکردە ، وا دەگلێین کە پەنجا ساڵی دیکە وەک خۆمان لێ نایەتەوە و وەک حوشسێ دێینەوە سەر سێ . بەرپرسی کورد کە زوربەیان لە ئەشکەوت و موغارەوە ، هاتوونەتە سەر کورسی ، دەبێ تۆفیریان ببێ لەگەڵ ئەوانەی کە بە کاڕتێل بازی پێگەیون . سەرۆک گەلی کورد دەبێ چاو لە گاندی مەزن بکەن ، یانی وەک هەژارترین تاکی کورد ژیانی خۆیان بگوزەرێنن ، تا لە خزمەت گەل دا روسوور بن و خۆشیان سەربکەون . بۆ پاراستنی دۆزی راست وێژی ، لە هەمو وڵاتیک ، هەمو کەس لە بارودۆخی وڵاتەکەیان شاد و دڵخۆش نین ، بەڵام شت دار ولەلە و سنوورێکی هەیە .

کەمال چۆمانی: پێتوایە لەماوەی چەند ساڵی داهاتوو هێزە رۆژهەڵاتییەکان بکەون خۆیان بۆ بەرپاکردنی شەڕی چەکداری، وەک دەبینین "حدکا" بە ئاشکرا رایدەگەیەنیت کە شۆڕشی چەکداری ناکاتەوە لە ئێستادا. حیزبەکانی تریش هەر خەریکی ئینشیقاقن. "پژاک" خەریکی شەڕی چەکدارییە کەچی حیزبە رۆژهەڵاتییەکان دژایەتی دەکەن.؟

ح. س. سۆران: پێم وایە ، لە هەزارەی سێ دا ، کورد دەبێ زوربەی هێزی خەباتی لە شەقام و کۆڵانەکانی کوردستان مۆڵ بدا ، هەر بەچەشنی کۆسۆڤۆ ، ئۆتێسیا ، ئەفغازستان و ئەوانە . رێگە ئەوەیە ، کە بە خەباتی فەرهەنگی ، هێمنانە و دێمۆکراتیک و بەرەوژوور بردنی پللەی زانست و زانیاری کۆمەڵگە ، ئاگادار کردنی خەڵک و ئەو چەشنە شتانە و بە یارمەتی کۆمەڵگەی جیهانی ، مافی خۆی بەدەست بهێنێ . سەبارەت بە لەت و کوت بوون ، بە کوردی مانایەکی دیکەی لەت بوون ، " شکانە " . بەڵام بە خۆشیەوە لەوەدەچێ ، بەرەو یەک گرتنەوە بڕۆن و رێگەش هەر ئەوەیە و بەس . هەر وەک لە پیش دا وتم ، من هەگیز ئەندامی هیچ حیزب و لایەنێکی رامیاری نەبووم و پێم وایە ، پێنووسەوانی هەر گەلێک دەبێ هی تەواوی ئەو گەلە بێ ،نەک هی لایەنێکی تایبەت ، لەبەر ئەمە ئێستا وەک ناونجی قسە دەکەم و کورد وتەنی " ناونجیش دڵی گوشادە " . هەر چۆن بێ داوای سەکەوتن بۆ تەوای دڵسۆزان و خزمەتگزارانی کورد و کوردایەتەی دەکەم و نامەوێ لێرەدا ، هەڵوێستی لاینەنگری یا دژایەتی لەگەڵ هیچ لایەنێک دا بگرم . ئەمەش بڵێم کورد هەمیشە ئاشتی خواز بوە و قەت هۆگری گێرە و کێشە نیە ، بەڵام پەرژینی قایم بێ ، تەنانەت پڵنگیش هێرش بەرێتە سەر سەر کەروێشک ، هە تا بیبکرێ لەسەر خۆی دەکاتەوە و بەری پێ دەگرێ .

کەمال چۆمانی: تۆ باسی کوردستانی گەورە دەکەیت لە هەموو نووسینەکانیشت بە کوردستانی گەورە دەست دەکەیت بە نووسین و قسەکردن، تاڵەبانیش دەڵێت "خەونی شاعیر و نووسەرانە" پێتوایە کوردستانی گەورە خەون بێت؟

ح. س. سۆران: هەمیشە کانی هەڵوێستی نووسەرو هۆنەر لەگەڵ رامیار ، لە دو سەرچاوەی جیاوازەوە هەڵ دەقوڵێن . رامیار دەبێ لە کاری دا تاکتیکی هەبێ ، بەڵام پێنووسەوان پێویستی بە تاکتیک نیە و باشیشی نازانێ . نووسراوەی خێڵی پێنووسەوان ، فرمێسکی رۆحیانە. بەڵام هەرچۆن بێ ، کورد وتەنی " ویستن توانینە " ، لە سەردەمێکیشدا ، لە ئامریکای ژێر دەستی ئینگلیس، کانادا و دەیان وڵاتی ژێر دەستی ئافریقایی ، ئاسیایی و تەنانەت ئورروپاییش ، هێندێک لە رامیاران ، دەیانوت سەربەخۆیی خەون و خەیاڵە ، بەڵام دیمان کە وا نەبو و ئەگەر ئەو بە ناو خەون و خەیاڵانەیان لەبیر ببردایەتەوە ، رەنگەئێستا لە باڵەخانەی نەتەوە یەک گرتوەکان لە نیو یۆرک ، زیاتر لە 20 بەیداغ نەبو . دیمان کە گاندی نەمر ، چۆن خەون و خەیاڵی نزیکەی یەک و نیو میلیارد کەسی بە خەباتی هێمنانەی بنەوەشت هێنا دی ، دەنا ئێستا نە هیندووستان ، نە بەنگلادیش ، نە پاکستان بو . هەمو هەر بیلامانێ ئێستاش هەر نۆکەری ئینگلیس بون ، مامۆستا قانع وتەنیش " نۆکەری و سەر دانەواندن ، کاری نا مەردانەیە " هەر لە سەد ساڵی رابوردو دا ، رەنگە زیاتر لە سەد وڵات سەربەخۆ بوون ، بۆچی ئەم شتە بۆ کورد خەون و خەیاڵە ؟ ئەوانیش بارودۆخی نالەبارترلە کوردیان بوە ، بە وتەی کوردی گۆرانی خۆ ئەو نەتەوانەلە

ژێر دارێک دا نەخەوتوون و بێژن " زەردالو بێرە گەلو " . فەرهەنگەکە لە مێشکیان دا سەقامگیر بوە ، ویستویانە ، خەباتیان کردوە و سەرکەوتوون .
کەمال چۆمانی: چۆن دەڕواننە ناوەندە رۆشنبیری و رۆژنامەیی و سیاسییەکانی کوردستانی باشوور؟ ئەی تا چەند ئاگاداری ئەو مۆنۆپۆڵەی دەستەڵاتی باشوورن بەسەر کۆی کایەکانی جڤاکدا؟
ح. س. سۆران: من چون لەوێ نیم ، رەنگە لەم بەستێنە دا ئاگاداری تەواوم نەبێ ، بە کوردی دەڵێن " دیتن باوەڕ کردنە " ، مرۆڤ ناشبێ هەر بە گۆترە لە ملی بدا . بەڵام ئەو شتەی تۆ دەفەروی لە زۆر کەسانم بیستوە و هاواریان دەچێتە ئاسمان !!! .
کەمال چۆمانی: "پەکەکە" ماوەیەکە داوای درووستکردنی یەکێتییەکی نەتەوەیی دەکات بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، پارتەکانی باشوور و رۆژهەڵات ئەمەیان تا ئێستا بە پراکتیکی قبوڵ نەکردووە، پێتانوایە ئەو یەکێتییە نەتەوەییە پێویست بێت؟
ح. س. سۆران: پێم وایە ، بێجگە لەوی کە یەکیەتی نەتەوەیی دروستە ، پێویستیشە . دەردی کورد لە هەر پێج پارچەی کوردستان یەکە و بۆ چارەکرنی پێویستیشی بە یەکیەتی نەتەوەیی هەیە . ئێستا ئیدی بە بوونی ئینتێرنێت و ئەوانە ، سنوورێکی خۆڵین و بەردینی وەک جاران لە نێوان دا نیە و ئەو یەکیەتیە زۆر باش رێک دەخرێ ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئایا ئێمە بۆ مافی کورد تێ دەکوشین ، یا بۆ شتی تاقەکەسی و خێڵایەتی و تاقم بازی و شتی خۆمان .
کەمال چۆمانی: لە بابەتێکتدا "ئاپۆ" بە رێبەری رامیاری کوردستانی گەورە دادەنێیت؟ دەکرێت لەسەر ئەمە روونکردنەوەی زیاتر بدەیت، ئەی دەربارەی سەرکردەکانی باشوور چی دەڵێیت "مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانی"؟
ح. س. سۆران: کاتێ ئاپۆ باسی مافی کوردستانی گەورە دەکا و لە سەر ئەوە چەند ساڵە لە گرتوخانەیە ، دیارە هەڵگری ئەو ناسناوەیە . لە لایەکی دیکەوە دەبینین بە سەدان هەزار کەس لە تەواوی کوردستانی گەورە و جیهان خۆ پیشاندان ساز دەکەن و گۆرانی "سەرۆک ئاپۆ "دەڵێن - تەنانەت لە رۆژهەڵاتیش ئەو شتەمان دیوە ، بەس بە پێوەری کەپوولەی دێمۆکراتیک دەکرێ کەسێکی وا بە رێبەری رامیاری کوردستانی گەورە دابنێێن . بەڵام سەرۆک گەلی باشوور ، قەت داوای ئەوەیان نەکردوە . دیارە هەموومان رێزدار مام جەلال بە سەرۆک کۆماری ئێراق دەناسین و رێزدار کاک مەسعوود بە هی باشووری کوردستان و لەم بەستێنەش دا داوای سەکەوتن و روسووریان بۆ دەکەم .
کەمال چۆمانی: چی بکرێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، ئەی پێتوایە دەوڵەتی کوردی لەسەر چ بنەمایەک بێت باشترە؟
ح. س. سۆران: ئەگەر دەستەڵاتی کوردی دروست بێ ، وا باشە بە چەشنی دێمۆکراتیک و وەرگرتنی دەنگی گشتی پیک بێ ، پێتەختەکەی لە کرماشان بێ ، بە مسقاڵ بڕوای بە بەڵێنی رووسیا هەر نەبێ ، چون کورد بیرەوەری باشی لە نزیکایەتی رووسیا نیە ، بەڵام پێویستیش نیە دژایەتی لەگەڵ بکا .
دەستەڵاتی کوردی پێویستە لە سەر بنەمای دۆستی و ئاشتی پارێزی جیهانی بێ ، بە تایبەت لەگەڵ دەر و جیرانەکان . دیارە ئەگەر دەستەڵاتێکی کوردی وا پێک بێ ، رەنگە بە پێی ئەوەی رەگەز ،فەرهەنگ و زمانەکەی لە گەڵ فارس زۆر نزیکترە تا تورک عارەب ، دەستەڵاتی دێمۆکراتیکی فارس ببێتە هاوپەیمانی خۆرسکی ( بالقوە) ی – ئەگەر لە سواری وشتر دابەزن و دەستێک بە تەنیا تەقەی بێ ؟؟؟!!!، بەڵام من بۆ خۆم وەک یەک تاکی کورد ، لاگری سیستمێکی دێمۆکراسیم ، نەک پادشایەتی ، ئاییینی و ئەوانە .
کەمال چۆمانی: چۆن ئەڕواننە حیزبەکانی کورد لە هەر چوار پارچەدا، ئایا حیزبەکان لە چوار پارچەکەدا لە ئاستی پێویستن؟
ح. س. سۆران: قوربان گیان بێ چاوێنی بن هێندە زۆرن ، کە تەنانەت پۆلێن کردنیان کارێکی ئاسان نیە ، تا دەگا بە راڤە کردنیان . هەر ئەوە دەڵێم :" وڵاتێکی گەورەی زلهێزی وەک ئامریکا ، بە قەت کوردستانی گەورەی بن دەست حیزبی نیە " . دیارە هەر حیزبێک خزمەتگوزاری راستەقینەی کوردستان بێ ، جێی رێزە و داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم . بەڵام ئێستا هەر وەک وتم ، لەم بارودۆخەدا ، پێم وایە بەرەیەکی یەک گرتوی تەواو کوردستانی ، وەک ئۆکیژێن پێویستە . دروست بوونی شتێکی وا گرنگە ، کە هیچ قسەی لەسەر نیە .

کەمال چۆمانی: چ پەیامێکت هەیە بیگەیێنیت؟ چیمان نەووتوە تۆ دەتوانی زیادی بکەیت بۆ قسەکانت.
ح. س. سۆران: پەیامم ئەمانەیە ، باوەکو دەشزانم ناردنی ئەم پەیامانە لە لایەن منەوە ، بۆ خوێنەرانی هێژا ، وەک ناردنی ترێ رەشەیە بۆ ئالانی سەردەشت ، یا مازو بۆ بانە ، یە بەڕو بۆ ئیلام :
1-هەر کوردێک لە هەر بەستێنێک داخەریکە ، هەوڵ بدا ببێتە ئەستێرەیەک لە کاکەشانی ئاسمانی کوردستانی گەورە و لە خزمەت دۆزی گشتی کورد دا بێ ، نەک ببێتە خزمەتگوزاری گیرفان ، بنەماڵە ، خێڵ و حیزبی خۆی .
2- تا دەتوانین زانست و تێکنۆلۆژی فێر بین ، چون زانست کارا ترین چەکی رامیاری بۆ رزگاری و ئازادیە .
3- لە بەستێنی رامیاری دا ، قەڵەم بەسەر خووخدەی ساکاری و زووباوەڕی دا بکێشن و هەمیشە لە بیرمان بێ ، ئێمەش گەلێکین جیاواز ، پێویستمان بە وڵاتیکی سەربەست هەیە و ئەمە مافێکی رەوایە .
4- کارێکی وا بکەین نزیکەی 25 میلیۆن ژنی کورد بخەینە گەڕ و بێنە نێو کۆڕی تێکۆشان و خەبات – بەڵام بە کردەوە ئەم کارە بکرێ ، نەک هەر بە قسەی کلۆر و دروشم دان .
5- قەت نەبین بە هۆرە بۆ قەڵەشەندنی کۆتەی گەلی کورد .
6- ئەویندارى شێلگیری هەستی نیشتمانپەروەری و دژی بیرۆکەی شێڤێنیستی بین . بزانین ، کوردیش وەک تەواوی نەتەوە کانە ، خوێنی لە کەس رەنگینتر نیە و لە کەسیش کەمتر نیە ، بەڵام نە نۆکەری کەس دەکا و نە دەشیەوێ ببێ بە ئاغای کەس.

بە پێی دوایین هەواڵەکان کە لە شاری بۆکانەوە بە دەستی ماڵپەڕی رۆژهەڵات - بۆکان گەیشتووە قسبەی هەینی تەرمی شاعیر و نووسەری ناوداری کورد حەسەن سەلاح سۆران بە پێی وەسیەتی خۆی لە گوندی ساروقامیش سەر بە شاری بۆکان بە خاك دەسپێردرێت .
ئێوارەی چوارشەممە 2009/9/16 تەرمی پیرۆزی لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەکەی و کۆمەڵێك لە خەڵکی بەئەمەگی کوردستان و کوردانی دانیشتووی شاری تارانی پایتەختی ئێران بەرەو شاری بۆکان لە موکریان بەڕێکرا.

کاروانەکە بەرەبەیانی رۆژی پێنجشەممە 17ی سێپتێمبر گەیشتنەوە موکریان و تەرمی شاعیری ناوداری کوردستانیان بردە بەشی ساردخانەی نەخۆشخانەی قولی پوور لە شاری بۆکان.

بڕیار وایە سبەی هەینی تەرمی حەسەن سەلاح ناسراو بە "سۆران "بە ئامادەبوونی خەڵك و دانیشتووانی شاری بۆکان و جەماوەری ئەدەب دۆستی کوردستان، کاتژمێر 9ی بەیانی سەرەتا لە مزگەوتی "ئەلرەسول "و پاش گەڕاندنی بە نێو شەقامەکان و ماڵئاوایی کردنی لە شارەکەی واتە بۆکان ، بەرەو گوندی ساروقامیشی بۆکان بەڕێبکرێت و بە پێی وەسیەتی خۆی لە تەنیشت گۆری باوکی لە گوندی ساروقامیش بە خاك بسپێردرێت.

**بەیاننامەی**
**"کانوونی نووسەرانی کوردستان"**
**لە پێوەندی لەگەڵ کۆچی دوایی مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران**

**بە داخ و کەسەرێکی فراوانەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران ئەندامی لێژنەی دامەزرێنەری کانوونی نووسەرانی کوردستانمان پێگەشت. هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دوایی مامۆستا سۆران کە هەموو تەمەنی پڕ لە شانازی خۆی بۆ خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری گەلەکەی تەرخان کردبوو و ئەندامێکی گرنگی بزاڤی رووناکبیری، فەرهەنگی کوردستان بە گشتی و رۆژهەڵاتی وڵات بەتایبەتی بوو،  خەسارێکی گەورە بوو کە بەو زووانە قەرەبوو ناکرێتەوە. مامۆستا سۆران لە ماوەی تەمەنی فەرهەنگیدا و لە قۆناغە جیاجیاکانی جووڵانەوەی فەرهەنگی، مەدەنی رۆژهەڵاتدا وێرای پێشکەش کردنی سەدان بەرهەمی بەکەڵک بە کتێبخانەی کوردی ،هەمیشە پاڵپشتێکی گرینگی نووسەران، ئەدیبان، هونەرمەندان و رووناکبیرانی کورد و رەوتی جووڵانەوەی هزریی لە کوردستان بوو. کانوونی نووسەرانی کوردستان وێرای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا سۆران کە ئێلیتێکی گەورەی خەباتی نەتەوەیی کوردستان بوون، سەرەخۆشی لە هەموو خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگای فەرهەنگی، مەدەنی کوردستان دەکا و سەری رێز  بۆ خزمەت و هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی مامۆستا دادەنەوێنێ و یادی بەرز و بەڕێز رادەگرێ.**

**بەرێز بێ یاد و رێگای پرسەروەری مامۆستای هەمیشە خۆشەویستمان خوالێخۆشبوو مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران!**

**کانوونی نووسەرانی کوردستان**

**16.09.2009**



## هەواڵی دڵتەزێنی کۆچیدوایی مامۆستا
## حەسەن سەلاح سۆران

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە لە هەواڵی کۆچیدوایی مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران ئاگادار بووین.

نووسەر، هەڵبەستڤان، زانا و نیشتمانپەروەر و خەباتکاری رێگەی پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، مامۆستا سەلاح سۆران رۆژی چوارشەممە 16/9/2009 لە شاری تاران دڵی پڕ لەهیوای بە رزگاری و سەربەخۆیی گەلەکەی لە لێدان کەوت.

مامۆستا سۆران، جگە لە بڵاوکردنەوەی چەندین پەرتوک و دیوانی شیعر و، سەتان وتار لە رۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕە کوردییەکاندا، هەروەها لە چەند سالی رابوردوودا پشتیوان و هاوبیرێکی نێزیکی دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە بوو.

بەبۆنەی کۆچیدوایی مامۆستا حەسەن سەلاح سۆرانەوە، پرسە و سەرخۆشیمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی و کەسوکاری و تێکرای نەتەوەی کورد دەکەین.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا سەلاح سۆران، زانا و تێکۆشەری رێگەی پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!

سیروان کاوسی

بەرپرسیاری دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

16/9/2009

پرسه و سه ره خوشی خۆم به بونه ی هه وا لێ دڵته زێنی کو چی دوایی شا عیر و نوسه ری رونا کبیری گه وره ی کورد **ماموستا سوران (حەسەن سەلاح)** ئاراسته ی بنه ماڵەی به ریزیان و هەموو شاعیران و نووسەرانی کورد و تایفه ی فەیزوللا به گی و به تایبه ت به رێز کاک حوسینی یەزدان پەنا ده که م و خوم به بش داری غەم و په ژاره یان ده زانم .جێی ئاماژه یه گه وره پیاوی کورد- ماموستا سوران نه ته نیا نوسه ر و سیاسەتوان وڕووناکبیریکی نیشتمانپەروەر و بوێری گه وره ی کورد بووه ، ته نانه ت له جیهانی بی سنوری مروڤایه تی و ئه دب و سوتان له ناو ناسک ترین خه یال و چەرپه و سرته وتان و پوی سروشت وعه شق و ئه وین دا ده ژیا و هه ر به و بونه یه وه من وه ک گورانی زۆرم که ڵک له شیعر و ئاموژگارییه کانی ماموستا سوران وه رگرتووه. هه زار سه ڵاو له و خاکه ی ئه و گوله ی لی روو ا ،هه زار حەیف و مخابن بو ئه و ده ڵه ی له لێدان که وت.

**ح. دەرزی**

## قلب استاد حسن صلاح "سوران" از تپش باز ایستاد !



دکتر کامران امین آوه

• قلب شاعر، نویسنده ومحقق آزاده و توانای کرد، استاد حسن صلاح "سوران" در ساعت ۱۲ بعد از ظهر روز چهارشنبه ۲۵ شهریور ۱۳۸۸ در منزل شخصی وی در کرج برای همیشه از تپش بازایستاد ...

اخبار روز: www.akhbar-rooz.com
آدینه ۲۷ شهریور ۱۳۸۸ - ۱۸ سپتامبر ۲۰۰۹

قلب شاعر، نویسنده ومحقق آزاده و توانای کرد، استاد حسن صلاح "سوران" در ساعت 12 بعد از ظهر روز چهارشنبه 25 شهریور 1388 در منزل شخصی وی در کرج برای همیشه از تپش بازایستاد.
استاد صلاح سوران در 2 مهرماه 1320 مصادف با 23 سپتامبر 1941 در روستای ساروقامیش جەغەتو از توابع بوکان در خانوادەیی آزاده و فرهنگ دوست به دنیا آمد. پدر او ابراهیم صلاح فرمانده نیروهای پیشمرگ جمهوری کردستان 1944-1945 در شهر مهاباد و از خانواده فرمانروایان مکریان و بداق سلطان بود. مادر استاد صلاح سوران - آمینه خانم گلاویژ نیز فرزند فیض الله بیگ رئیس عشیره فیض الله بیگی و خواهر زاده سردارسیف الدین خان اردلان - حاکم سقز بود که بدست ترکان عثمانی به دار آویخته شد. برادر بزرگ صلاح سوران - دکتر علی گلاویژ - شاعر، نویسنده، فعال سیاسی کرد و عضو کمیته مرکزی حزب توده ایران بود که در فاجعه شهریور ماه سال 1367 توسط جمهوری اسلامی شهید شد.
استاد صلاح سوران بعد از اتمام تحصیلات ابتدایی و متوسطه خود در بوکان برای ادامه تحصیل به بریتانیا رفت. پس از اتمام تحصیل و بازگشت به ایران نزدیک به نیم سده استاد زبان و ادبیات انگلیسی در مدارس و دانشگاههای ایران بود.
او هر چند که وابسته به هیچ سازمان و تشکیلات سیاسی نبود اما چون شخصیتی آزاده همواره برای رسیدن ملت کرد به حقوق ملی خود تلاش نموده، با نوشتن دەها کتاب و رساله سیاسی، فرهنگی و علمی به رشد و اعتلای فرهنگ سیاسی کرد و شناساندن آنها به جهانیان یاری رساند. استاد صلاح سوران در سال 2008 از سوی سازمانهای دانشجویی و انجمن های صنفی کردستان - ایران کاندیدای جایزه صلح نوبل در نرویژ شد.
وی مسئول بخش فرهنگی جمعیت کردهای مقیم مرکز، معاون مسئول شعبه کردشناسی دانشگاه برلن غربی در سالهای 1966 - 1964 ، استاد زبان و ادبیات کردی در دانشگاه علم و صنعت - تهران در سالهای 2002 - 2001 و ... بود. آثار زیر از جمله کارهای برجسته ایشان است:
- شکنجه و کشتار خانوادەی کرد - به زبان انگلیسی، چاپ لندن 1978
- فیض الله بگی های بوکان - به زبان آلمانی با مشارکت و همکاری دکتر W. Rudolf
- کتابخانه سوران ( بیبلوگرافی کردی) در سه جلد، به زبان کردی، جلد اول چاپ لندن 1979 و ......

یادش گرامی باد

سەرچاوە: ماڵپەڕی اخبار روز http://www.akhbar-rooz.com
منابع:

1. زندگینامه مختصرحسن صلاح سوران، سایت بوکان http://bokan.de/
2. مصاحبه قادرپور با حسن صلاح سوران، سایت گیارەنگ
http://www.giareng.com/ku/modules.php?name=News&file=article&sid=2395
3. استاد صلاح سوران کاندید جایزه صلح نوبل می شود. سایت کوردستان نێت
http://kurdistannet.info/indexkon.php?id=3787

**کەس نەڵێ سەلاح سۆران مردووە!**



لە ماوەی هەر سەعاتێکی شەو و ڕۆژدا 6699 کەس لە ژمارەی زیندووانی جیهان کەم دەبنەوە. لە وڵاتی ئێمە لە هەر سەعاتێکدا 56 کەس ماڵئاوایی لە کوردستان دەکەن، بەڵام حەسەن سەلاح سۆران ئەمڕۆ 25 ی خەرمانانی 2709 دوای 50 ساڵ دووری، بە یەکجاری دەگەڕێتەوە بۆکوردستان و شاری بۆکان. سبەی هەموو خەڵکی بۆکان و کوردستان دەچنە پێشوازی. پێشوازی لە کەسێک کە کەس بوو.

سۆران ناوێکی گەلێک ئاشنایە بۆ کورد، بۆ خەڵکی موکریان و نمازە بۆکان. ئەو ناوە زیاتر لە 40 ساڵە لە مێژووی ژیانی مندا زیندووە بە شیعر، پەخشان و سەدان بابەتی ئەدەبی، هونەری، مێژوویی و فەرهەنگی. بەشی هەر زۆری بەرهەمەکانی دە ساڵی ڕابووردوی لە ژووره ئەبەدییەکانی ماڵە ئاسمانیەکەی بۆکان، پارێزراوە کە خۆی یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی بوو هەر لە ڕۆژەکانی دەستپێکەوە.

ئاوڕدانەوە لە ژیان و بەرهەمەکانی هێژا حەسەن سەلاح سۆران و چل ساڵ ناسیاویی و زیاتر لە 20 ساڵ دۆستایەتی و نزیک دە ساڵ کاری هاوبەش لە دەرفەتێکی کورت و بەرتەسک، بۆ منی کاس لەو سات و کاتەدا ناگونجێ. تەنیا ئەوەندە دەڵێم، کەس نەڵێ و نەنووسێ کە حەسەن سەلاح سۆران مردووە.
**ڕۆژی چوار شەممەی داهاتوو یەکی مانگی ڕەزبەر تەمەنی حەسەن سەلاح سۆران دەبێتە 68 ساڵ.**
**ڕۆژی لە دایکبوونی پیرۆز بێ**

برایم فەرشی
25 خەرمانانی 2709 -

ئاڵمان

**لە تاراوگەی تەماوی تارانەوە**
برایم فەرشی

حەسەن سەلاح سۆران لە سەرەتای هەموو نامە و وتارەکانیدا دەینووسی" بە ناوی کوردستانی گەورە"، لە کۆتایی نامەکانیدا دەینووسی "لە تاراوگەی تەماوی تارانەوە"،" لە تەنیشت تینی تاوی تەرکی تەنووری تاراوگەی تەماوی تارانەوە". هەر کام لەو ڕستانە دەتوانێ تەسەوراتی ئێمە بۆ لایەک بەرێ!

حەسەن سەلاح سۆران پرکار بوو، جار بوو سەعات سێ و نیو بە کاتی ئێران ئی مەیلم بۆ دەنارد و چەند خولەک دواتر وڵامی دەهاتەوە، زۆرجاریش کەڕڕی بەیانی نامەی دەهات:
کەڕڕە بەیانیت باش . خۆشەوستی خۆشەویستانم ! شێخ ڕەش خێر و بەرەکەتی حازر بێ فەرموویەتی "تا مامر خۆڵ بە سەر خۆی دا نەکا ، کەس نایکا " . هەر کەس ، بنەماڵە و گەل ، لە هەر بارودۆخێک دایە ، خۆی هەڵگری ئەوەیە . بەڵام شتێکیش وەبیر بێنمەوە ؛ ژیانی مامە قالەی خۆمان سێ ئەزموونی گەورەی مێژو بو ، کە بۆ هەمومان وانەیەکە : شوانێکی دڵسۆزی هونەر ، لە سەدان سەرۆک و تاریکبیر و شتی وا بۆ خەڵک خۆشەویست ترە ؛ سواڵکردنی قالە

مەڕە پێش مردن ، بۆ کورد مەرگە ساتێکی زەمەنی کۆمەڵایەتی بو ؛ مرۆڤ دەتوانێ هەر لەم دەڤەرەش -کە زۆر جار تەقەی جەڕوسەقیل لە سەد میتریەوە دەبیسترێ -، بگاتە جێگەیەک کە وەک مامەقالە ، کەس نەوێرێ بلێ پشت چاوت برۆیە و داوای ئەوەی لێ بکا ببێ بە جەردەوان و مەردەوان و شت و شا بە خونکار نەناسێ ؛ هەر ئەوەندە - برات سۆران

لە نامەیەکی دیکەدا ئاوای نووسیوە:

دوێنی کاتژمێر 16 ، لە مزگەوتی حەزرەتی ئەبولفەزل گیان ، خێر و بەرەکتی حازر بێ ، لە تاران کۆبوونەوەکە پێک هات ، زۆر خەڵک بە کوردی فەرمایشتیان فەرمو(سەری خەرمانە ئیدی!!) خێرەومەندێکی بوێریش کە باش دەیناسی ، گازی کردەوە ، کە بابە بێڵن فلان کەس تابلۆ مووزیکالی مامەقلە بخوێنێتەوە ، نزیکەی 10 ساڵ پێش مەرگی مامە قالە نووسیوەیە .
دیارە خوێندنەوەی ئەو تابلۆ مووزیکالە ، لە مزگەوتی پیرۆزی ئەبولفەزل گیان و لە بەرەدم چەند سەبزماری بەرێزدا ، وەک ئەوە وا بو ، لەگەڵ ئاشی با شەڕ بکەی ، بەڵام وەک هەمیشە ، دەست لە دەست و ... ، خوێندمەوە و رەنگە بۆ هەوەڵ جار بو، بیستم خەڵکی خۆشەویستی بە دین و ئیمانی کورد ، لە باتی" سەلەواتی محەممەدی" ، بە حەججەت چەپڵەرێزانیان کرد و هەر چەند وتیان " مزەیفت " جێی چەپلە و مەپلە نیە ، تازە کار لە کار ترازابو.

ڕەنگە سۆران یەکێک لەو کەسانە بووبێت کە زۆر زوو خۆی تێکەڵ بە جیهانی ئینترنێت کرد. ئەو بە پیچەوانەی هەموو هاوتەمەنەکانی خۆی ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر لەو کەرسە گرنگە کەڵکی وەردەگرت و دایم حەولی ئەوەی دەدا کە تازەترین تەکنیک بە کار بێنێت. سەردەمێک مەجبور بوو هەموو بابەتەکانی بە تیپی لاتین بنووسێ و بینێرێ بۆ ماڵپەری بۆکان کە دەبوو هەڵیگەڕێنینەوە سەرپیتی کوردی. کە ئیمکانی نووسینی فارسی و کوردی لە ئێران پەیدا بوو، چەند شەو هەتا درانگان لە گەڵ ئێمە دەمایەوە بۆ ئەوەی لە دوورەوە لە ڕێگای تەلەفونەوە سیستمی کامپیۆتێرەکەی بۆ نووسینی کوردی تەیار بکات. لە یەکێک لە دوا نامەکانیدا سەبارەت بە دوادژوارییەکانی ئینترنێت لە ئێران نووسیبووی:

لەگەڵ ماندونەبینی دا ، بە داخەوە لینکە کە فیلتێر شکێنی تایبەتی دەوێ ، تەنیا شتێک تێی گەیشتم ئەمە بو، کە لە خوارەوە نووسراە ، بزانم ئەگەر کاوەی ئاسنگەرێکم دەست کەوت کەڵک لە وتە کانت وەردەگرم.هەر پێم خۆشە دەنگیشت ببیستم بیرم کردویی، با بزانین شێخ رەش دێ بە هاوارمانەوە ؟

سۆران حەولی دەدا هەواڵ و خەبەری هەموو کوردستان بزانێ. ڕۆژێکیان خەبەرێکی بۆ ناردم کە ڕاست لە بن گوێچکەم لە شاری کۆڵن رووی دابوو:

وێڕای هەواڵپرسی ئاگادارتان دەکەم ، کە لە نزیکەی یەک مانگ پێشەوە ،
مانگەواڵە(ساتێلایت) ێکی فەرهەنگی لە شاری( کۆیلن ) لە ئەلمان دەستی بەکار کردوە .
لەسەری نووسراوە : تێلێفۆنی ئەلمان **01378006565** بەرپرسەکەی کاک فەرهاد بەزلە یە ، لەسەر فرێکانسی 11470، کار دەکا کە بە ئینگلیسی پێی دەڵێن ،channel 6 هەر ئەوەی کە شەهرامی هومایون ، بە فارسی قسەی لەسەر دەکا . ئەم بەرنامەیە لە کاتژمێر دە ونیو تا یەک و نیوی دوای نیمە شەو بە کاتی تاران ( بۆ ماوەی 2 کاتژمێر) ،بە زمانی کوردی قسە دەکا ، بە زاراوەگەلی باشووری ڕۆژ هەڵاتی کوردستان . پێم وایە بۆ زیندو کردنەوەی زاراوەی کوردی کرماشان و بۆ وەگەڕ خستنی زاراوەگەلی لوڕی ، لەکی ، کەڵوڕی و فەیلی ، دەتوانێ کاری زانستگەیەک بکا ئەگەر دەکرێ بەرنامەکە ببینە و چون بەرنامەی فەرهەنگی و هونەریە ، دڵنیام ئێوە دەتوانن، زۆر ڕێنوێنیان بکەن ، هەڵێکە هەڵکەوتوە - برات ، ح.س.سۆران

له سەر ئەو هەڵبژاردنەی سەرۆک کۆماری ئێران کە هەڵاوهەنگامەی لێ ساز بوو و کۆمەڵێک لە کوردەکان خەڵکیان هان دەدا بۆ بەشداری کردن، کاک حەسەن لە وەڵامی پرسیارێکدا نووسی:

سەبارەت بە پرسیارەکە ، بە کورتی بیروڕام ئەمەیە : ئەو شتە هیچ شوێنێکی لە ئاکامی کارەکەدا نیە ، یانی ئەوەی بڕیار وایە ببێ ، هەر دەبێ و تازە نە قوم باشترە و نە کاشان و فڵان و فیساریش . ئاکامی بڕیاری ئەو دو لایەنە ، ئەگەر شوێنێکی ببێ ؟ ، هەر ئەوەیە خەڵکی کوردواری لە ریز(سەف) ە کان دا ، پتر نیشان بدرێن و بەس . هیچ شوێنێکیش لەسەر خەڵکانی ناکورد دانانێ . هەر چۆن بێ ، کەڵە شێر قەت هێلکە ناکا . پێموایە هەر چوار لایەنەکەش مەیلیان بۆ من ناردبو - بۆ بەشداری و شت و مت ، بە پێی ئەو بۆچوونەی سەرەوە ، هەر وەڵامیشم نەدانەوە . هەر شاد بی - برات ، سۆران

وا وێدەچێ کە سۆران مەیلی ئەوە بووبێ دوا منزڵی لە تەنیشت زیرەک و مامە قالە بێت، ئەو لە کاتی ناشتنی قالە مەڕە لە سەر کێوی ناڵەشکێنە نووسیبووی:

دیسان زۆر سپاس ، توانیم کەڵک لە وتە بەنرخەکانت وەربگرم . بە تایبەت ئەو ئاواتە ، کە فەرمووت **ناڵە شکێنە رەنگە ببێتە گڵکۆی هونەروەران ، هۆنەران وخزمەتگوزاران** و ...، زۆر جوان بو . جا نازانم **رێی کێی تێ دەکەوێ ؟ ئایا وەک ئێوە ئاماژەتان کرد ، فارس کوتەنی دەبێتە مەکۆی نوخبەکان** یا کورد کوتەنی داگیرکەران بە بەقیە لێدان ، دەیکەنە مینگەی مرۆڤە نوقمەکانی خۆیان ؟ دیسان "تابلۆ موozیکالی مامە قالە" دەنێرمە خزمەتت ، بۆ راگرتن لە مجری( سندووق) ی تایبەتی خۆت دا برات ، سۆران

بە داخەوە لەمڕۆ بە دواوە ئیدی نامەی حەسەن سەلاح سۆرانم بە دەست ناگات، ئەوەش ئاخر نامەی منە بۆ ئەو کە بەم چیرۆکە کۆتایی پێ دێ:

رۆژی 31ی مانگی خاکە لێوەی ساڵی 2005 لە شاری سولەیمانی بەرەوپیری رێورەسمی رێزگرتن لە پێشەوا قازی محەمەد دەچووین، شەوی پێشتر دۆستێک گوتی، خەبەرێکت پێ دەڵێم دەزانم زۆرت پی خۆش دەبێ، "مامۆستا سۆران بە ڕێوەیە و دەڵێن لە سنوور تێپەڕیوە." لە تاریکترین ساتەکانی شەو یەکترمان لە باوەش گرت، نازانم چەندە لە باوەشی یەکتردا بووین و چەندە یەکترمان ڕاموسی، بەڵام دەزانم هەستێکی سادە و ساکاری خۆشەویستی ئێمەی لە باوەشی یەک هاویشتبوو. لەمڕۆ بەدواوە لە ئامێزگرتنی دووبارەی ئەو باوەشە گەرمەش، وەک دەیان ئامێزی گەرمی دیکە بۆ من دەبێتە مایەی حەسرەت...!




## رۆشنبیریی - شاعیری ناسراوی کورد
## حەسەن سەلاح سۆران ماڵئاوایی لە ژیان
## کرد -PNA

مەنسوور جیهانی/ تاران ـ حەسەن سەلاح ناسراو بە "سۆران" شاعیری ناسراوی کورد و مامۆستای وانەکانی کوردی لە زانکۆکانی ئێران و زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر، کاتژمێر 12ی نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە ماڵی خۆی لە شاری کەرەج ماڵئاوایی لە ژیان کرد .

لەم بارەویە ئەندازیار جەماڵەدین تەها بەرپرسی گشتی کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی تاران، لە دیدارێکی تایبەت بە ئاژانسی پەیامنێری ڕاگەیاند: "کاتژمێی 10ی سەر لە بەیانی ئەمڕۆ سێشەمە، خێزانی پەیوەندی پێوە گرتم و گوتی مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران هەندێك نارەحەتە، منیش پێم گوت كە ئەگەر دەفەرمووی ئێستا دێمە خزمەتی و دەیبەینە دكتۆر. بەڵام كاتژمێر 12ی نیوەڕۆ پێی ڕاگەیاندم كە لە ئۆرژانسەوە هاتوون بۆ ماڵی و پێی ڕانەگەیشتن و ماڵئاوایی لە ژیان كردووە".

هەروەها گوتی: "هەر وەکوو هەموو لایەكمان ئاگادارین مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران، نووسەر و شاعیرێکی ناوداری کوردە، کە لە تەواوی بەشەکانی کوردستان زۆر ناودارە و لە خزمەت نەتەوەی کورد و فەرهەنگ و ڕووناکبیری کوردیدا بوو. توانی خزمەتێکی زۆر گەورە بە میللەتەکەی بکات. بۆ نموونە شەوی شەمەش لە ڕێوڕەسمی کۆبوونەوەی کوردەکانی تاران ئامادە بوو، زۆر تەندروست بوو، هیچ گرفتێکی نەبوو، بەڵام وادیارە ئەمڕۆ بەیانی نەخۆش کەوتووە و ماڵئاوایی لە ژیان کرد".

تەها لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: "ئێستا ئێمە لەبەر دەرگای ماڵەکەیانین و ڕاوەستاوین تاکوو کوڕ و کچەکانی بێین و بڕیار بدەین لە چ شوێنێك بینێژین، کە ئەگەر لە شاری بۆکان بینێژین ئەوە بیبینەوە بۆ ئەوێ و ئەگەریش لە تاران بینێژین ئەوا دەبێت بیری لێ بکەینەوە کە بیبینە چ شوێنێك. لەبەر ئەوەی کە مامۆستا سۆران لە گوندی ساروقامیش سەر بە شاری بۆکان لە دایك بووە، پێم وابێت هەر دەیبەینەوە بۆ ئەوێ و لە درێژەشدا ڕێوڕەسمێکی گەورە و بە شکۆی لە تاران بۆ ساز دەکەین ."

بەرپرسی گشتی کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی تاران، لە کۆتایی ئەم دیدارەدا گوتی" :شاعێری ناسراوی کورد حەسەن سەلاح سۆران لە زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر و هەروەها لە زانکۆکانی ئێران، لەوانە: زانکۆی تاران، زانکۆی عیلم و سەنعەت (ساڵی 2001 و 2002) زانکۆی بەهەشتی، زانکۆی قەزوین و هەروەها لە زانکۆی ئیسفەهان، وانەکانی کوردی بە خوێندکارانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران گوتۆتەوە. هەروەها لە کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی تارانیش هەر وانەی زمانی کوردی دەگوتەوە ".

جێی ئاماژە پێدانە ڕۆژی پێنجشەمە 16ی جوولای 2009 بە ئامادەبوونی چەندین کەسایەتی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کورد، کۆڕی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی بەرهەمە شێعرییەکانی حەسەن سەلاح "سۆران" لە هۆڵی کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی تاران بەڕێوەچوو.

جێی وەبیرهێنانەوەیە ساڵی پار لە کۆنفرانسی زانستی "هەڵەبجە و سەردەشت و ئەنفال" کە لە لایەن کومیتەی سەربەخۆیی خوێندکارانی کورد لە هۆڵی سەدر لە کۆلێژی ئابووری زانکۆی ئیسفەهان بەڕێوەچوو، خەڵاتی تایبەتی قوتابیانی کورد پێشکەش بە حەسەن سەلاح "سۆران" کرا.

ئەم خەڵاتە بەم بۆنەیەوە بوو کە "سۆران" لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا بەردەوام یارمەتی قوتابیانی کوردی داوە و لە زۆربەی کار و چالاکی خوێندکاری کوردیدا بەشداری کردووە و لە زۆربەی زانکۆکانی تاران و هەروەها زانکۆی ئیسفەهان و قەزوین و چەندین زانکۆی دیکەی ئێران وانە و زمانی کوردی بە قوتابیانی کورد و ئێرانی گوتۆتەوە.

حەسەن سەلاح سۆران ڕۆژی 23ی مانگی سێپتەمبەری ساڵی 1941 لە بنەماڵەیکی فەیزوڵڵابەیگی لە گوندی ساروقامیش سەر بە شاری بۆکان لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە بۆکان تەواو کردووە و لە کۆلێژەکانی
Trinity, Sent Jorj, Dtanfordلە وڵاتی بەریتانیا زمانی ئینگلیزی خوێندووە و نزیکەی 10 کتێبی سەبارەت بە کورد، زمانی کوردی و شێعر و پەخشان بە چاپ گەیاندووە و کۆمەڵێك کتێبی چاپنەکراویشی لە پاش بە جێی ماوە .

به داخ و کەسەری زۆرەوە گەلی کورد بە گشتی و کۆمەڵی رۆشنبیری بە تایبەت یەکێ لە دڵسۆزترین و وەشیارترین رۆڵەکانی خۆی واتا مامۆستا حەسەن سەلاح (سۆران)ی لە دەست دا. مامۆستا سۆران کوڕی برایم خانی ساروقامیش و برای شاعیری کورد خۆشەویست مامۆستا عەلی گەلاوێژ (ئاگری) بوو. ئەو بنەماڵەیە لە هەموو روانگەیەکەوە جیاوازی زۆرییان بە هۆی زانیاری و دڵسۆزییەوە لەگەڵ بنەماڵە ئاغاکانی تری کوردستان هەبوو. برایم خانی بابی مامۆستا گەلاوێژ نەک هەر چەن زمانی بێگانەی زانیوە و شارەزایی زۆری لەسەر فیزیک هەبووە بەڵکوو بۆتانیکێکی لێهاتووش بووە. خەڵکی ساروقامیش و دەور وبەری کاتێ نەخۆش بوون پەنایان بۆ برایم خان بردووە و ئەویش بێ هێچ چاوەڕووانییەک دەرمانی گیایی پێداون.

من کاتێک منداڵ بووم لەگەڵ باوکم وەستا سەعیدی نەجاڕ لە کرکڕەوە چووین بۆ ساروقامیش بۆ ئاش. مامۆستا سۆران جگەی لەوەی ئیستگای هەوا شناسی ساروقامیش بەڕێوەدەبرد باخێکی زۆر خۆش و دڵگری هەبوو. لە ناو باخە رازاوەکەیدا حەوزێکی هەبوو و لە لێواری حەوزەکە بە کوردی نووسرابوو "باخی ئاوات". مامۆستا سۆران ئاشێکی مۆتۆڕی هەبوو و زۆر کاری تیکنیکی ئەو ئاشە هەر خۆی دەیکرد. خەڵکی بە ئاشی مۆتۆڕییان دەگووت ئاشی ئاور. هەوەڵ جارمامۆستا سۆرانم لەوێ بینی. پیاوێکی خوێنشیرین و چاوکاڵ. جگە لە وە خوێندنەوەی کوردی تا رادەیەکی زۆر لە رووی دیوانە شێعرییەکەی ئەوە فێربووم و زۆر جار لە مزگەوتی کرکڕە ئەو شێعرانەم بۆ خەڵک دەخوێندەوە و ئێستاش چەند بەندم  هەر لە بیرماوە. ئەوە کتێبە (دیوانی سۆران) کە لە تەورێز لە چاپخانەی تابش چاپ کرا، یەکێ لەو چەند کتێبەکە کەمە بوو کە لە زەمانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئیران بە زمانی کوردی بڵاو کرایەوە. ئەو کوردییەی مامۆستا سۆران شێعری پێدەکووت زۆر رەوان و ئاسان بوو و هەموو کەس تێی دەگەی. زاراەوی ناوچەی فەیزوڵابەگی بەردەوام لە شێعر و نووسراوەکانیدا خۆی دەنوێنێت. تایبەتمەندی بنەماڵەی مامۆستا سۆران نەک هەر لە زانا و بلیمەت بوونیدا ،بەڵکوو لە کورد خۆشەویستی بە مانای راستەقینەش رەنگی داوەتەوە. کاتێ شۆڕشی جووتیارانی ناوچەی بۆکان لە زەمانی دەستدەڵارەتی دوکتور موسەدیق شکا زۆر لە جووتیاران بە مەڕ وماڵیانەوە پەنا بۆ ماڵی برایم خانی بابی مامۆستا سۆران دەبن. ئەویش پەنایان دەدا و کارێکی وا دەکا لە زەبر و تۆڵەی ئاغاکانی ناوچە بیانپارێزێ. ماۆستا سۆران لەو مەکتەبەدا پێگەشتبوو و گەلی کوردی بە هەموو چین و توێژەوە خۆش دەویست. من ماوەیەک لە مەدرسەی تیکانتەپە لە گەڵ دوو کوڕی مامۆستا سۆران بە ناوی ئەمیر و فەرهاد خوێندوومە. ئەوانیش لە رادە بەدەر بە ئەدەب و لەسەرخۆ بوون. مامۆستا سۆران لە شێعرێکدا کە بۆ پڕشنگی کچی دایناوە رێنوێنی کچان و ژنانی کوردستان دەکا و رێگای ئازاد بوونیان پێدەنوێنی و دژی خورافات و دواکەوتووی دەدوێ.

بە هۆی ئەو رووداوە دەڵتەزێنەوە لە بنەماڵەی ماۆستا سۆران و هەموو خەڵکی کوردستانی گەورە سەرخۆشی دەکەین.

## کۆڕێك بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا سەلاح سۆران لە بۆکاندا بەڕێوە چوو

کوردستان میدیا:

بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا سەلاح سۆرانەوە، رێکەوتی 28ی خەرمانان، کۆڕێك بە بەشداری ژمارەیەك لە شاعیران‌و رووناکبیرانی کوردستان، لە بۆکاندا بەڕێوە چوو. هەواڵدەری کوردستان لەم پێوەندییەدا رایگەیاند، لەو کۆڕەدا لە لایەن هێندێك لە شاعیران‌و بەشداربووانەوە شێعر، پەخشان‌و وتاری جۆراوجۆر لەسەر کەسایەتیی مامۆستا سەلاح سۆران بەم شێوە خوێندرانەوە:

- سەعدوڵلا مەجیدی‌و سەلاح نیساری بە خوێندنەوەی شێعر.

- کاوە راوچی بە خوێندنەوەی پەخشان‌و خوێندنەوەی بیری مامۆستا سەلاح سۆران لەسەر دیوانی شێعری راوچی.
- عەبباس ئویەووبی بە خوێندنەوەی وتاری رەخنەی ئەدەبی.
- سەعدوڵلا مەجیدی بە خوێندنەوەی وتاری ئایینی.

- مستەفا ئیڵخانی زادە بە خوێندنەوەی وتاری رەخنەیی‌و پرسە.
- رەسووڵ چووپانی بە خوێندنەوەی پەیامی سەرەخۆشیی ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان.
- خوێندنەوەی پەیامی مەسعوود بەرزانی‌و جەلال تاڵەبانی بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا

سەلاح سۆرانەوە.

- خوێندنەوەی پەیامی سەرەخۆشیی کوردەکانی دانیشتووی تاران.

شایانی باسە لەو کۆڕەدا چەندین کەسایەتیی ناودارو نوێنەرانی چەند کاناڵی ئاسمانیی باشووری کوردستان بەشدار بوون.

## مامۆستا "ح.س. سۆران" و ماڵپەڕی رۆژهالات/ بۆکان

بەداخ وپەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستای شیعر و پەخشان کاک "حەسەن سەلاح (سۆران)" مان پێ گەیشت. لە رۆژی دامەزرانی ئەو ماڵپەڕەوە پەیوەندییەکی نیزیک و دۆستانە لە مابەین مامۆستای نەمر و بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕەکەدا هەبووە. بەهۆی بەڕێوەبردنی بەشی فەننی ماڵپەڕەکە لە لایەن منەوە ئەو پەیوەندییە رۆژبەرۆژ بەهێزتر دەبوو و لەوانەیە بڵێم لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا رۆژ نەبووە کە بە ئیمەیل پەیوەندییمان نەبووبێ. لێرەدا بە مافی خۆمی دەزانم کە ڕێز و خۆشەویستی تایبەتیی خۆم سەبارەت بەو مرۆڤە مەزنە کە دڵە بەهەستەکەی لە تەواوی ماوەی ژیانیدا بۆ کوردستانی گەورەی لێدا، رابگەیێنم.

مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران رۆژی 23ی مانگی سێپتەمبەری ساڵی 1941 لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەیگی لە گوندی ساروقامیش سەر بە شاری بۆکان لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە بۆکان تەواو کردووە و لە کۆلێژەکانی Trinity, Sent Jorj, Dtanford لە وڵاتی بەریتانیا زمانی ئینگلیزی خوێندووە و نزیکەی 10 کتێبی سەبارەت بە کورد، زمانی کوردی و شێعر و پەخشان بە چاپ گەیاندووە و کۆمەڵێك کتێبی چاپنەکراویشی لە پاش بە جێی ماوە .

لە دوایین ئیمەیلەکەیدا کە یەک رۆژ پێش کۆچی دوایی بۆمی ناردوە لە پەیوەندی لەگەڵ کتێبێ **"هۆنراوەکانی دوکتور عەلی گەلاوێژ (ئاگری) "** دا ئاوا دەنووسێ:

[ ... ] تێبینی : بۆیە دەستنووسەکانم نارد ، تا هەم وەک بەڵگە لە خزمەتتان دا بن ، هەم وەک موززە **(چون لێرە کەس نازانێ بەیانێ لە کوێیە !!!) - منیشی لەگەڵ بم .** لەوەش دەچێ ئەوە بەشی ئاخری بێ ، مەگەر بە چەشنی چاوڕوان نەکراو ، شتێکی دیکەش وەبەر چاوم بکەوێ .

دیسان زۆر زۆر سپاس ، کە وا بە جوانی دەستت کروە بە ریوپێک کردنی کتێبە کە و هەر وەک وتم ، منیش بە زوویی پێشەکیەکە دەنێرمە خزمەت تان . سۆران – 2009/9/15

مامۆستا لە کۆکردنەوە و زیندووکردنەوەی بەرهەمەکانی د. عەلی گەلاوێژ (برای مامۆستا) لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا زەحمەتێکی زۆری کێشا و بە پەیوەند گرتن لە گەڵ کوڕی د. عەلی گەلاوێژ لە رووسییە زۆریەک لە پەخشانەکانی بۆ ناردم کە منێش بەرە بەرە لە ماڵپەڕەکەدا بڵاوم کردوونەتەوە. بەشێکیشی کە هەروەک خۆی لە ئیمەیلەکەیدا رایگەیاندووە، بە دەستنووسی کاک عەلی گەلاوێژ دوو رۆژ لەمەوبەر بۆی ناردم کە من هەوڵ دەدەم بە باشترین شێوە بڵاویان کەمەوە.

لە قووڵایی دڵمەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا سەلاح (سۆران)، زانا و تێکۆشەری رێگەی پیرۆزی، ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانی گەورە .

نادر فەتحی(شوانە)